Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

**Journal of University of Garmian**

https://doi.org/10.24271/jgu.2021.145025

# پەیوەندی سەرکردە و میری میرنشینە کوردییەکان لەگەڵ دەسەڵاتدارانی بوەیهی لەنێوان ساڵانی(٣٣٤-٤٤٧ک)

**أسو نريمان سبحان ، على طاهر لطيف**

بەشی مێژوو، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان

***Article Info***

Received: July, 2021

Revised: July, 2021

Accepted Auguste, 2021

***Keywords***

بویهی، میرنشین، دەسەڵات، خەلافەتی عەباسی

***Corresponding Author***

## پوختە

بوەیهییەکان یەکێکبوون لە بنەماڵە فەرمانڕەواکانی نێو (خیلافەتی عەباسی). لە ماوەی حوکمڕانیاندا زیاتر لە سەد (١٠٠) ساڵ دەسەڵاتیان هەبووە. لە ئەو ماوەیەدا چەندین کەسی نێو بنەماڵەکە بوون بە خاوەن دەسەڵات. سیاسەتی بوەیهییەکان وابووە ڕێگە بدرێت بە نەتەوە جیاوازەکان کیانی تایبەت بە خۆیان هەبێت و، لە ژێر چەتری دەسەڵاتی ئەواندا حوکمڕانی ناوچەکانی خۆیان بکەن. کوردیش وەک هەریەکێک لە نەتەوەکانی ژێر دەسەڵاتی خیلافەتی عەباسی و بنەماڵەی بوەیهییەکان، چەند کیان و دەسەڵاتێکیان دامەزراندووە، لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بەو دەسەڵاتانە دەوترێت میرنشین. لەگەڵ دامەزراندنی هەر دەسەڵاتێک یان میرنشینێکدا لەلایەن کوردەکانەوە، پەیوەندیەک لەگەڵ بوەیهییەکاندا دروست بووە، بە حوکمی ئەوەی ناوچە کوردییەکان بە شێک بوون لە سنووری خیلافەت و دەسەڵاتی بوەیهیەکان، جا پەیوەندیەکە ئاشتی و هاوکاریکردنی یەکتر بووبیت، یان شەڕ و ململانێی یەکتر. ئەگەر بهاتایە میرنشینەکە لە بەرژەوەندی دەسەڵاتی بوەیهیی و لە سنوور و سیاسەتی ئەوان دەرنەچوایە، ئەوا پەیوەندیەکە دەڕۆیشتە نێو چوارچێوەی پەیوەندییەکی دۆستانە و هاوکاری یەکترکردن،خۆ ئەگەر بە پێچەوانەشەوە بووایە، ئەوا شەڕ و ململانێی سەربازی بەدوای خۆیدا دەهێنا.ئەگەر سەیری دۆخەکە بکەین، لە ماوەی هاتنی ئاینی ئیسلام بۆ ناوچەکە، هەر لە سەردەمی (خیلافەتی ڕاشدین)ەوە تاوەکو کۆتایی دەسەڵاتی خیلافەتی عەباسی، لە هەموو بوارێکدا سەردەمی دەسەڵاتی بوەیهییەکان، سەردەمێکی زێڕین بووە بۆ کورد و دروستبوونی کیانی سیاسی خۆیان، بەڵام بەهۆی ململانێی نێوان میرنشینە کوردییەکان و بنەماڵە فەرمانڕەواکانی کورد، کوردەکان نەیانتوانیوە بە پێی پێویست سوود لە دۆخەکە وەربگرن.

## پێشەکی

مێژووی جیهان بە گشتیی و، مێژووی کورد لە نێویشیدا بە چوار قۆناغی وەک (کۆن، ناوەڕاست، نوێ، هاوچەرخ) دا تێدەپەڕێت. ئەم بابەتەی هەڵمان بژاردووە دەکەوێتە قۆناغی سەدەکانی ناوەڕاستەوە، لەناو سەدەکانی ناوەڕاستیشدا تەنها سەردەمی یەکێك لە دەسەڵاتەکانی سەردەمی خیلافەتمان هەڵبژاردووە، کەلە مێژووی ئیسلامدا بەسەردەمی بوەیهییەکان (447-334) ناسراوە، کە ماوەیەکی گرنگ و مێژوویە بۆ کورد، چونکە هەر لە دوای ڕوخانی (دەوڵەتی ماد)ەوە تاوەکو ئەو ماوە مێژووییە، کورد نەك دەوڵەتی سەربەخۆی نەبووە، بەڵکو نەیتوانیوە میرنشینێکی نیمچە سەربەخۆیش دابمەزرێنێت، بەڵام لە ئەو ماوەیەوە ئیتر کورد توانیویەتی ببێت بە خاوەنی دەسەڵاتێکی نیمچە سەربەخۆ و، وردە وردە چەند میرنشینێك دەرکەوتوون. هەندێك لە ئەو میرنشینانە تاڕادەیەك سەربەخۆبوون و دەسەڵاتیان زۆربەی ناوچە کوردییەکانی گرتۆتەوە.

وادەردەکەوێت بوەیهییەکان کاتێك هاتوونەتە سەر دەسەڵات (جا بەهەر مەبەستێك بێت) ئەو سیاسەتەیان پەیڕەوکردووە، کەوا ڕێگەیانداوە بە زۆربەی نەتەوە جیاوازەکانی ژێر دەسەڵاتیان تا ڕادەیەک کیانی سیاسی خۆیان هەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گوێڕایەڵ و ملکەچیان بن، هەربۆیە هەندێکجار پەیوەندی نێوان بوەیهیی و میرنشینە کوردییەکان شەڕ و ململانێی لێ کەوتۆتەوە، ڕەنگە ئەمەش بۆ ئەوە بگەڕێتەوە هەندێک لە سەرکردە و میرکانی کورد هەوڵیان داوە لە سیاسەتی ئەوان لابدەن.

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدەدەین ئەوە ڕوون بکەینەوە کەداخۆ پەیوەندی نێوان بوەیهیی و میرنشینەکان وەك

(شەڕ و ململانێ، ئاشتی و ڕێککەوتن) لە چ ئاستێکدابووە؟

ئەم توێژینەوەیە باس لە ئەو پەیوەندیە دەکات، کە لەنێوان بوەیهییەکان و میرنشینە کوردییەکاندا بوونی هەبووە. توێژینەوەکە لە دووبەشی سەرەکی پێکهاتووە. لەبەشی یەکەمدا باس لە کورتەیەکی مێژوویی لە دەسەڵاتی بوەیهییەکان و، چۆنیەتی وەرگرتنی دەسەڵاتیان و ئەو ماوە مێژووییەی، کە تێیدا دەسەڵاتیان هەبووە دەکەین. لە بەشی دووەمدا باس لە پەیوەندی نێوان بوەیهییەکان و میرنشینە کوردییەکان دەکەین.

هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە بۆ توێژینەوەکەمان بۆ ئەوەیە، زیاتر شارەزابین لە مێژووی کورد و حوکمڕانانی کورد لە سەدەکانی ناوەڕاست و، پەیوەندییەکانیان لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ناوچەکە، بە تایبەتی حوکمڕانانی بوەیهی.

ئەو میتۆدەی لە توێژینەوەکەمان بەکاری دەهێنین، میتۆدی مێژوویی شیکارییە. ئەو ڕووداوانە وەردەگرین، کە پەیوەندیدارە بە پەیوەندی نێوان بوەیهیی و میری میرنشینە کوردیەکان و، کاریگەرییان لەسەر پەیوەندییەکانیان.

ئەو سەرچاوانەی بەپلەی یەکەم سوودمان لێ بینیوون (مسکویە:تجارب الامم، روزراوەردی:زیل تجارب الامم. هیلال الصابی:تاریخ هیلال الصابی،ئیبن الاثیر:کامل فی التاریخ. فارقی:مێژووی میافارقین و ئامەد)،لەگەڵ هەندێ سەرچاوەی نوێ، کە بە شێوازێکی زانستی لەسەر ئەم بابەتەیان نووسیووە، وەك کتێبەکانی(حسامەدین عەلی غالب نەقشبەندی: شارەزوور و لوڕستانی باکوور. زرار صدیق توفیق:کورد و کوردستان لە ڕۆژگاری خیلافەتی ئیسلامیدا. ئارس فریق زەینەڵ:دبلۆماسیەتی کورد لەسەردەمی بوەیهییەکاندا. کەیوان ئازاد ئەنوەر،کوردستان و کورد لە سەدەکانی ناوەڕاست).

**بەشی یەکەم :کورتەیەك لەسەر بوەیهییەکان**

**تەوەری یەکەم:بوەیهییەکان کێن؟ چۆن دەسەڵاتیان گرتۆتە دەست ؟**

بوەیهیەکان خەڵکی ناوچەکانی دیلەمن[1]،وەک هەندێک لە سەرچاوەکان دەیگێڕنەوە بە ڕەچەڵەك دەگەڕێنەوە بۆ سەر یەزدگردی کوڕی شەهریاری کۆتا پادشای فارسەکان (ساسانییەکان)[2]، لەسەر مەزهەبی شیعەبوون و،بە زمانی فارسی دواون[3].

نزیکترین زانیاری دەربارەی ئەم بنەماڵەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەبوشوجاعی باپیریان، کە کەسایەتییەکی سادەبووە، لە ژیانێکی ئاساییدا ژیاوە، لە دەریای قەزوین بە کاری ڕاوەماسییەوە خەریك بووە، بەڵام سەرەتای دەسەڵات وەرگرتنی بنەماڵەی بوەیهی دەگەڕێتەوە بۆ کوڕەکانی، کە (عەلی) و (حەسەن) و (ئەحمەد) بوون[4]

.

سەرەتای ژیانی سیاسیشیان، وەك سەرباز لە خزمەت ئەو سەرکردانەی ناوچەکە دەستان پێکردووە و، خزمەتی سەرکردەیەکی دیلەمییان بە ناوی ماکانی کوڕی کالی[5] کردووە[6].

دوای ماوەیەک لە مانەوەیان لای ماکان، هەستیان بە لاوازی ئەم سەرکردەیە کردووە، هەربۆیە داوایان لێکردووە ڕێگایان بدات لە ڕیزەکانی ئەو بڕۆنە دەرەوە، ئەویش ڕێگای پێداون. دواتر ڕۆیشتونەتە لای مەرداویجی کوڕی زیار [7](316-323ك)، ئەویش بە خۆشحاڵییەوە پێشوازی لێکردون و عەلی کوڕی بوەیهی وەك فەرمانڕەوای ناوچەی کەرەج دیاریکردووە. عەلیش بە یارمەتی هەر دوو براکەی وردە وردە قەڵەمڕەوی خۆی فراوان کردووە[8].

لە پاداشتی ئەو سەرکەوتنانەی کە بۆ سوپای مەرداویج بەدەستیان هێناوە، هەر یەکەیانی کردۆتە دەسەڵاتداری ناوچەیەك، بەڵام دوای ماوەیەك لەسەرکار لای بردوون، بۆیە دژی مەرداویج دەستیان داوەتە پلانگێڕی و عەلی کوڕی بوەیهی لە ساڵی (320ك/932ز) دەستی بە سەر شارەکانی (ئەسفەهان) و (ئەرجان) و (شیراز) دا گرتووە، تەنانەت داوای دانپێدانانی خەلیفە (قادر320-322ك)ی کردووە، بەڵام دوای چەند مانگێك لەگەڵ مەرداویج ڕێك دەکەونەوە[9].

لە دوای کوژرانی مەرداویج لە ساڵی (323ك) لەسەر دەستی پیاوە تورکەکانی[10]. ئەحمەدیش بەرەو داگیرکردنی ڕۆژئاوای ئێران ڕۆیشتووە و حەسەنی برایشیان حکومڕانی ناوچەکانی چیاکان (کوردستانی ئەمڕۆ)ی گرتۆتەدەست[11]. بەم شێوەیە دەسەڵاتیان فراوان بووە، تا ئەوەی بەهۆی ململانێی نێوان (والیەکان و میری میران)ی خیلافەتی عەباسی، بوەیهییەکان بەرەو عێراق و بەغدادی پایتەختی خیلافەتی عەباسی ڕۆشتوون، خەلیفەش ناچاربووە بۆ دانانی سنوورێك بۆ ئەو ململانێیە پشت بە بوەیهیەکان ببەستێت، هەربۆیە خەلیفە موستەکفی (333ك/334ك) ڕەزامەندی دەربڕیووە، بەوەی لەسەر پێشنیاری شێرزادی میری میران (ئەحمد کوڕی بوەیهی) بانگکردووە و، داوای لێکردووە بێتە ناو شاری بەغدادی پایتەختەوە، ئەویش لە ساڵی(334ك) لەدوای ئەوەی تورکەکانی دەرکردووە چۆتە ناو بەغداد و خەلیفە بەرگی فەرمانڕەوایەتی لەبەرکردووە[12] پاشان نازناوی (موعیزو دەولەی) بە ئەحمەد داوە،نازناوی (عیماد دەولەشی) بە عەلی بەخشیووە، هەروەها نازناوی (روکن دەولەی) لە حەسەنی برای ناوە، فەرمانی کردووە تاوەکو لەسەر (دینار و درهەم) نازناو و کونیەیان بنەخشێنن[13].

**تەوەری دووەم: دەسەڵاتی بوەیهییەکان لەنێوان ساڵانی(334_447ك)**

بوەیهیەکان دوای وەرگرتنی دەسەڵاتیان، بنەماڵەی عەباسیەکانیان وەك خەلیفە هێشتۆتەوە، بەڵام دایانماڵین لە هەموو دەسەڵاتێك و بۆ خۆیان وەریانگرتووە. داهاتێکی دیاریکراویان بۆ خەلیفە تەرخان کردووە، کە بڕەکەی (پێنج هەزار درهەم) بووە، ئەمە لە سەردەمی خەلیفە موستەکفیدا(333ك/334ك) و، لە سەردەمی خەلیفە (موتیع334 /363ك)[14] پارەکەیان کەمکردۆتەوە بۆ (هەزار درهەم) بۆ هەر ڕۆژێك. لە دوای موتیع پارەکەیان ساڵانە پێدراوە، ئەویش (دووسەد هەزار دینار) بووە[15].

پایەی میری ئەمیران کە بوەیهییەکان گرتویانەتەدەست لەژێر سایەیدا هەموو هەڵسوکەوتێکیان لە دەست بووە. خەلیفە وەك هێمایەك بووە، هیچ کاروبارێکی لەدەستدا نەبووە، تەنها کاری شەرعیەتدان بووە بە کاری بوەیهییەکان.

سەبارەت بەشێوازی فەرمانڕەوایی بوەیهییەکان ئەوا هەروەك دیارە دەوڵەتێکی خاوەن یەك دەسەڵاتی بنکەی نەبووە، بەڵکو لەنێوان ئەندامانی بنەماڵەکەدا بەسەر چەند ناوچەیەك و بنکەیەکی دەسەڵاتدا دەوڵەتێکی دابەشکراوبووە، وەك (موعیزدەولە لە عێراق، عیماد دەولە لە هەرێمی فارس، ڕوکن دەولە لە ناوچەی ڕێ)[16]. دواتریش نەوەکانیان هەمان کاریان پەیڕەو کردووە.

لە بارەی ئەو سوپایەیی هەیانبووە، تەنها لە بوەیهییەکان پێك نەهاتبوو، بەڵکو لە چەند ڕەگەزێکی وەك دەیلەمی و تورك و کورد و عەرەب پێکهاتبوو[17].

هەمیشە بوەیهییەکان هەوڵیانداوە خۆیان بگەیەننە ئاستی خەلیفەکان، بۆیە هەر شتێك تایبەتبوایە بە خەلیفە ئەوانیش هەوڵیانداوە ئەو کارە بکەن. یەکێك لە ئەو مافانەی جگە لە خەلیفەکان کەسی تر نەیبووە، تەنانەت جێگرەکانی خەلیفەیش ئەویش تەپڵێدان بووە لە پێنج فەرزی نوێژدا لەبەردەم دارولخەلافەدا. بوەیهییەکان لە سەردەمی موعیز دەولەدا (334-356ك) هەوڵیانداوە ئەو نەریتەیان هەبێت، بەڵام سەرکەوتوونەبوون، تا ئەوەی موعیز دەولە بەختیار (356-367ك) کاروباری عێراقی گرتۆتەدەست، داوای لە خەلیفە (تائیع) (363-381ك)کردووە، تا ڕێگای پێبدات لە بەردەرگاکەیدا لە کاتی نوێژدا تەپڵی بۆ لێبدرێت. خەلیفەش مۆڵەتی داوە سێ جار بۆ ئەمانیش لێبدرێت، پاشان وەك خەلیفە کردویانە بە پێنج جاری تەواو[18].

دەسەڵاتی بوەیهییەکان بەم بەهێزییە نەماوەتەوە، بەڵکو وردە وردە بەهۆی ململانێ ناوخۆییەکانی[19] بنەماڵەی بوەیهییەوە ڕووی لە لاوازی کردووە، دەسەڵاتە ناوچەیەکانیش پەرەیان سەندووە،لە هەمانکاتدا هەندێک لە خەلیفەی عەباسی دەرکەوتوون، هەوڵیانداوە ڕزگاریان بێت لە دەسەڵاتی بوەیهییەکان، لە شێوەی خەلیفە قادر (381-422ك) کە لە سەردەمیدا دژایەتی دەسەڵاتی بوەیهییەکانی کردووە، توانیویەتی تارادەیەکی باش بوەیهییەکان ملکەچ بکات. دواجار لە سەردەمی خەلیفە قائیمدا (422ك-467ك)، عەباسییەکان ڕزگاریان بووە لە دەسەڵاتی بوەیهییەکان، ئەمەش دوای ئەوەی لە ساڵی (447ك) دا لەلایەن سەلجوقییەکانەوە کۆتای بە دەسەڵاتی بوەیهییەکان هێنراوە[20].

**بەشی دووەم: پەیوەندی سەرکردە و میری میرنشینە کوردییەکان، لەگەڵ بوەیهییەکان**

**تەوەری یەکەم: پەیوەندی دەیسەمی کوڕی ئیبراهیمی کوردی،میرەکانی میرنشینی شەدادی، ڕەوادی، لەگەڵ بوەیهییەکان**

سەبارەت بەپەیوەندی نێوان (دەیسەمی کوڕی ئیبراهیمی کوردی)[21]و بوەیهیەکان، لە سەرچاوەکاندا زانیارییەکی ئەوتۆ باس نەکراوە، تەنها ئەوەندە نەبێت باس لە دوو ڕووداو دەکرێت، کە یەکەمیان شەڕبووە. دووەمیان داڵدەدان بووە. ئەوەی پەیوەندی بەشەڕەوە بوو ئەوەیە،ڕوکن دەولە(320-366ك) لەدوای گرتنی (مەرزەبانی کوڕی موحەمەدی موسافیر) میری میرنشینی موسافیرەکان لەنێوان ساڵانی(337-342ك)و بەندکردنی بۆ ماوەی نزیکەی پێنج ساڵ، سوپایەکی ئامادەکردووە بە سەرکردایەتی (موحەمەدی کوڕی عەبدولڕەزاق) ناردویەتیە سەر ناوچەکانی ئازەربایجان. پێشتر (دەیسەمی کوڕی ئیبراهیم) لە شەڕێکدا دژی موسافیرەکان گیرابوو، لەقەڵایەکدا بەناوی قەڵای (طارم) بەندیان کردبوو، (وەهسوزانی کوڕی موحەمەدی موسافیر) برای مەرزەبان لەکاتی ئەم هێرشەی ڕوکن دەولە ئازادی کردووە، بەو مەرجەی ڕووبەڕووی سوپاکەی ڕوکن دەولە بێتەوە، وەک سەرچاوەکان باسیان کردووە ئەویش سوپایەکی لە کوردەکانی ناوچەکە کۆکردۆتەوە و ڕووبەڕووی سوپای بوەیهییەکان بۆتەوە، بەڵام لە ئەم شەڕەدا دەیسەم شکستی خواردووە، ئەوەی بوەتە هۆی ڕزگاربوونی دەیسەم ئەوەبووە سەرکردەی سوپای بوەیهیی بەهۆی خیانەتی یەکێك لە هاوڕێکانی و پەیوەندیکردن بە دەیسەمەوە، ناچار ئازەربایجانی بەجێهێشتووە[22].

ئەم بارە بۆ دەیسەم هەروا نەمایەوە، بەڵکو جارێکی تر ڕووبەڕووی شەڕ و ململانێی مەرزەبانیەکان (موسافیرەکان) بووەتەوە، چونکە (مەرزەبانی کوڕی موحەمەد) لەساڵی(342ك)دا ئازادکراوە، جارێکیتر کەوتۆتە ململانێ لەگەڵ دەیسەم، سەرئەنجام دەیسەم شکستی هێناوە و ڕووی کردۆتە بەغداد و بۆ ماوەی نزیکەی دووساڵ لای موعزدەولە (320-356ك) دەمێنێتەوە، سەرچاوەکان باس لە ئەوە دەکەن کەوا

موعزدەولە ڕێزی لەدەیسەم ناوە و ساڵانە پەنجا هەزار دیناری پێداوە، بەڵام لەبەرخاتری ڕوكن دەولەی برای، كە دەسەڵاتی لە ناوچەكە هەبووە، ئامادە نەبووە بۆ گەڕانەوەی بۆ ناوچەكانی ئازەربایجان یارمەتی سەربازی دەیسەم بدات [23].

لێكۆڵەرێك پێی وایە ئەم دەسەڵاتەی دەیسەم ڕێگەخۆشكەر و بەردی بناغەبووە بۆ میرنشینی ڕەوادی لە ئازەربایجان، هەروەك چۆن عەیشانییەكان بوونە بناغەیەک بۆ دەركەوتنی میرنشینی حەسنەوی[24] .

سەبارەت بە پەیوەندی نێوان شەدادییەكان[25]و بوەیهییەكان لە سەرچاوەكاندا زانیارییەكی ئەوتۆباس نەكراوە، تەنها ئەوەندە هەیە كە پێشتریش باسمانكرد: گرتنی مەرزەبانی كوڕی موحەمەد میری موسافیرەكان كە لەنێوان ساڵانی (337-342ك)دا لەلایەن ڕوكن دەولەی بوەیهیی(334-366ك)خرایە بەندیخانەوە، لەبەرئەوەی مەرزەبان دەیویست هێرش بكاتە سەر ناوچەكانی ژێردەسەڵاتی ڕوكن دەولە،پاشان بە هاوپەیمانی ناسردەولەی حەمدانی لە موسڵ دەست بەسەر بەغدادا بگرن.

بۆیە (موحەمەدی كوڕی شەداد) كە دامەزرێنەی میرنیشینی شەدادییە ئەم گرتنەی مەرزەبانی بەهەلزانیوە توانیویەتی میرنشینی شەدادی لە هەرێمی ئاران دابمەزرێنێت[1]. دواتریش كە مەرزەبان لەلایەن بوەیهییەكانەوە ئازاد دەكرێت لە ساڵی(342ك) دەست بەسەر ناوچەكەدا دەگرێتەوە، بەهەمان شێوە مێژوونووسان باس لە هیچ هەڵوێستێكی بوەیهییەكان ناكەن كاتێك مەرزەبان دەكەوێتە شەڕەوە لەگەڵ میر موحەمەد كە دواتریش ئاوارەی ناوچەی ئیسفرجان دەبێت[26].

پێ دەچێت ئەم پەیوەندی نەبوونەی نێوان میرنشینی شەدادی و بوەیهییەكان بەهۆی چەند هۆكارێكەوە بووبێت -:

1-پێدەچێت بوەیهییەكان لەگەڵ موسافیرەكان ڕێككەوتبن بۆ حكومڕانیكردنی ناوچەكە.

2- دووری ناوچەی ئاران لە ناوچەكانی ژێر دەسەڵاتی بوەیهییەكانەوە، نەیان ویستووە دەست وەربدەنە ئەم ناوچانە و هێرشكردنە سەر مەرزەبان، بەهۆی ئەو ڕووداوەوە بووە كە لە سەرەوە باسمانكردوە.

٣- دەسەڵاتی بوەیهییەكان دەسەڵاتێكی ناوچەیی بووە و هەوڵی بەناوەندكردنی دەسەڵاتیان نەداوە.

لێرەوە بۆمان دەردەكەوێت هیچ جۆرە پەیوەندییەك لە سەرچاوەكاندا باس ناكرێت لەنێوان ئەم میرنشینە و بوەیهییەكاندا.

1) محمد امین زەكی: خولاصە,ل28-246،29: كامران عزیز عبدلله:هۆكارەكانی سەرهەڵدان و ڕوخانی میرنیشینە كوردییەكان ,ل49.

سەبارەت بەپەیوەندی نێوان میرنیشنی ڕەوادی[27] و بوەیهییەكان بەهەمان شێوەی شەدادییەكان زانیاری ئەوتۆ نیە تەنها ئەوەندە هەیە مێژوونووسان هەمان ڕووداوی گرتنی مەرزەبان لەلایەن بوەیهییەكانەوە دەكەنە سەرەتایەك بۆ دامەزراندنی ئەم میرنیشینەش لەلایەن (موحەمەدی كوڕی حسێنی ڕەوادی)(343-345ك)لە هەرێمی ئازاربایجان[28]. ئیتر لە سەرچاوەكاندا باس لەهیچ پەیوەندیەك ناكرێت تا سەردەمی دەسەڵاتی (ئەبومەنسور وەهسۆزانی كوڕی مەملان) (416-451ك) كە مێژوونووسان باس لە ئەوە دەكەن دەسەڵاتدارانی بوەیهی كە لە ئەو سەردەمە دا جەلال دەولە فەرمانڕەوایەتی كردووە (416-435ك) و خەلیفەی عەباسی قائیم (422-467(2) دانیان ناوە بە دەسەڵاتیدا[29].

بۆ ئەمەش چەند هۆكارێك هەبووە :

1_دووری ئازەربایجان لە ناوچەكانی ژێر دەسەڵاتی بوەیهی.

2-سنووری دەسەڵاتی بوەیهییەكانیان پاراستووە لە ئەو ناوچانە بەتایبەت لە هێرشی بیزەنتییەكان[30].

**تەوەری دووەم: پەیوەندی میرەكانی میرنشینی حەسنەوی، عەنازی، دۆستەكی_مەروانی، لەگەڵ بوەیهیەكان**

سەبارەت بە پەیوەندی نێوان میرنیشینی حەسنەوی[31]و بوەیهییەكان بە دوو شێوازبووە ئەوانیش پەیوەندی شەڕ و ئاشتی بووە: یەكەمین پەیوەندی نێوانیان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی (حەسنەوی كوڕی حسێن) دامەزرێنەی میرنیشینەكە، كە حەسنەوی لە ساڵی (356ك) لە شەڕ و ململانی نێوان عەضد دەولە(338-372ك) و موعیز دەولە بەختیار(356-367ك)ی ئامۆزای بەشداریكردووە، لە ئەو شەڕەدا حەسنەوی پشتگیری لە بەختیار كردووە، ئەویش بە ناردنی لەشكرێك بە سەركردایەتی دووان لە كوڕەكانی، كە ئەوانیش ئەبونجم بەدر و عەبدولڕەزاق) بوون[32].

لە ساڵی(359ك) نێوانی حەسنەوی و ڕوكن دەولە (334-363ك) بە هۆی شەڕ و ململانێی حەسنەوی لەگەڵ (سەهلانی كوڕی موسافر) و فراوانخوازییەكانی تێكچووە، لە ئەم شەڕەدا حەسنەوی بەسەر (سەهلان) دا سەردەكەوێت، بۆیە بۆ ڕێگریكردن لە ئەم سەركەوتنە و بەهێزبوونی دەسەڵاتی حسنەویە، ڕوكن دەولە سوپایەك بەسەركردایەتی (فەزڵی كوڕی عەمید) دەنێریت بۆ سەر حەسنەویە، بەڵام لەڕێگە فەزڵ دەمرێت و كوڕەكەی بەناوی ئەبوفتح جێگەی دەگرێتەوە[33]، ئەویش نامەیەك دەنێریت بۆ حەسنەوی، بەمەبەستی ڕێككەوتن حەسنەویش ئاشتیی لەگەڵ كردووە، بە پێدانی پەنجاهەزار دینار و بە بەهای سەد هەزار دینار ئەسپ و ئێستر بدات

به بوەیهییەکان، لەبەرامبەردا باج و خەراجی چیاکان بۆ خۆی کۆبکاتەوە[34].

ئەگەر بکۆڵینەوە لە ئەوەی سەرەوە کە باسکرا ئەوا بەهێزی و لێهاتووی میری حەسنەویمان بۆ دەردەکەوێت بە هۆی ئەوەی یەکەم: توانیویەتی دەست وەربداتە ناو ململانێی بنەماڵەی بوەیهییەکان، بە یارمەتیدانی موعیز دەولە بەختیار. دووەم: لێهاتووی میر حەسنەوی دەردەکەوێت، کە توانیویەتی سەربکەوێت بەسەر دەسەڵاتێکی بەهێزی وەك موسافرییەکان. سێیەم: ڕێککەوتن لەگەڵ بوەیهییەکان بۆ خۆی داننانە بە دەسەڵاتی میر و بەهێزی دەردەخات.

دوای ئەوەی (حەسنەوی کوڕی حسێن) لە ساڵی (369ك) کۆچی داوایکردووە بارودۆخەکە پێچەوانەبۆتەوە، چونکە بوەیهییەکان دەستیان خستۆتە ناو کاروباری میرنیشینەکەوە، ئەو هەلەی عەضد دەولە بۆی دەگەڕا، کە تۆڵە لە حەسنەوییەکان بکاتەوە ڕەخسا، بەهۆی ئەوەی هەر حەوت کوڕەکەی میر حەسنەوی (ئەبوعەلاء و عەبدولڕەزاق و ئەبونەجم بەدر و عاصم و ئەبوعەدنان و بەختیار و عەبدولمەلیك) لەنێوان خۆیاندا ڕێکنەکەوتن، بەڵکو بوون بە دوو بەرەوە، عەبدولڕەزاق و ئەبوعەلاء و ئەبوعەدنان داویانەتە پاڵ فەخردەولە. عاصم و عەبدولمەلیك و ئەبونەجم بەدر ڕۆیشتونەتە لای عەضد دەولە، بەختیاریش لە قەڵای سەرماج ماوەتەوە، سەرەنجام عەضد دەولە بەسەر فەخردەولە سەرکەوتووە و عەبدولرزاق و ئەبوعەلاء و ئەبوعەدنان و بەختیاری کوشتووە، بەدری کردۆتە فەرمانڕەوای میرنیشینەکە، پاشان عاصم و عەبدولمەلیك کەوتونە دژایەتی (بەدر)ی برایان، بۆیە ئەوانیش لەلایەن (عەضد دەولە)وە لەناو بروان[35].

بەم شێوەیە عەضد دەولە تۆڵەی خۆی لە کوڕەکانی حەسنەویە کردۆتەوە و میرنیشینەکەش ملکەچی بۆ دەربڕیووە. لە دوای ئەم ڕوداوەوە ئیتر بەدر پەندی وەرگرتووە، هەرکاتێکیش سەرکردەیەکی بوەیهی داوای یارمەتی لێبکردبێت ئەو بە پیری داواکاریەکەیەوە ڕۆیشتووە، هەروەك لە ساڵی (371ك) عەضد دەولە داوای لێکردووە لە شەڕی دژی (قابوس کوڕی وەشمگیر)یارمەتی موئەد دەولەی برای بدات، ئەویش سوپایەکی لە تورك و کوردەکان پێکهێناوە و، ناردویەتییە سەر قابوس بۆ یارمەتیدانی موئەید دەولە، ئەگەر یارمەتی ئەو نەبوایە ئەوا موئەید دەولە شکستی دەخوارد[36].

یەکێکی تر لە ئەو هاوکارییەی بەدر ئەنجامی دا بۆ بوەیهییەکان ڕێگریکردنی بووە لە ئەو یاخیبوونەی (موحەمەدی کوڕی غانمی بەرزکانی) لە ساڵی (373ك) دژی فەخر دەولە پێی هەستاوە، بەڵام بەدر کەوتۆتە نێوانیان و بەو هۆیەوە ڕێککەوتننامەیەك لەنێوان هەردوولادا کراوە[37].

میر بەدری حەسنەوی هەمیشە هەوڵی داوە خۆی بپارێزێ لە ململانێی ناوخۆی بوەیهییەکان، بەڵام هەندێکجار ناچار لە ئەو ململانێیەوە تێوگلاوە. هەروەك لە ململانێی نێوان شەرەف دەولە و فەخردەولە پشتگیری فەخردەولەی مامی شەرەف دەولەی کردووە، بۆیە کاتێك شەرەف دەولە ڕۆشتۆتە بەغداد و دەسەڵاتی چەسپاوە لە ساڵی(377ك) سوپایەکی بەسەرکردایەتی (قرتکین جهشیاری) ناردۆتە سەر بەدر، بەڵام لە ئەم شەڕەدا میر بەدر لە نزیك کرماشان بەسەر سوپاکەی شەرف دەولە دا سەرکەوتووە[38].

جارێکی تر و لە ساڵی (379ك) دوای مردنی شەرەف دەولە، میر بەدر کەوتۆتە یارمەتیدانی فەخر دەولە بۆ هێرشکردنە سەر بەهاء دەولەی برازای لە خوزستان، ئەویش بە ناردنی چوار هەزار سەرباز، ئەمیش دوای ئەوە هاتووە فەخر دەولە ویستوویەتی دەست بەسەر عێراقدا بگرێت و ببێتە حوکمرانی یەکەم[39].

هەر لە ئەنجامی ئەو پەیوەندییە پتەوەی لە نێوان فەخر دەولە و میر بەدر دا هەبووە، لە ساڵی (380ك) میر بەدر کچی خۆی بە (مەجد دەولەی کوڕی فەخردەولە) داوە[40]،ئەمیش نیشانەی بەهێزی و لێهاتوویی بەدر دەردەخات، چونکە ویستویەتی لە ڕێگەی ژن و ژنخوازییەوە لەگەڵ بوەیهییەکان دەسەڵاتەکەی زیاتر بەهێزبکات.

ئەگەر سەیری سیاسەتی بەدر بکەین تەنها پەیوەست نەبووە بەسەرکردەیەکی بوەیهییەوە ئەوە تا لە ساڵی (379ك) شەڕی لەگەڵ بەهاء دەولە کردووە، کەچی لەساڵی(387ز) فریای بەهاء دەولە دەکەوێت و لە شەڕی دژ بە سەرداری سوپای بەغداد بەناوی (ئەبوعەلی کوڕی هرمز) کەلە واسط لێی یاخی بووە، ئەمیش سیاسەتی دبلۆماسیانەی میر بەدر دەردەخات[41].

لەم دوو ڕوداوەدا ئەوەشمان بۆ ڕوون دەبێتەوە دەسەڵاتی بەدر تەنها ناوچەکانی هەرێمی چیای نەگرتۆتەوە، بەڵکو ئەوەتا خۆی گەیاندۆتە ناوچەی خوزستان و واسط. دەسەڵاتی بەدر بە تەواوەتی لەناو بنەماڵەی بوەیهییەکاندا فراوان دەبێت، بەتایبەتی دوای مردنی فەخردەولە لە ساڵی (387ك) بە شێوەیەك لە مەسەلە گرنگەکانی وەك شەڕ و ئاشتی و دانانی فەرمانڕەوا پرس و ڕاوێژی پێ کراوە. بەتایبەتی دوای ئەوەی (سیدە خاتونی خێزانی فەخردەولە) لەناو بوەیهییەکاندا دەسەڵاتی بەهێز بووە.

سیدە خاتون هەر کێشەیەکی ڕووبەڕوو بووبێتەوە پرس و ڕاوێژی بەمیر بەدر کردووە، ئەوەتا (مەحمود غەزنەوی) نوێنەری ناردۆتە لای سیدە هەڕەشەی هێرش کردنە سەری کردووە، بەڵام سیدە پرس و ڕاوێژی

دەربارەی ئەم بابەتە بە میر بەدر کردووە، بەدریش داوای لێکردووە نوێنەرەکەی غەزنەوی بنێریت بۆلای. میر بەدر بەهۆی ئەو سوپایەیی کۆی کردبویەوە لەسەر ڕێگاکەیان ترسی خستۆتە سەر دڵی نوێنەرەکەوە، بەمەش سیدە ڕزگاری بووە لە خەزنەوییەکان[42].

لە ساڵی(397ك) میر بەدر جارێکی تر پشتگیری سیدە خاتوون دەکات بەوەی (شەمس دەولە) لەجیاتی مەجد دەولە (کە وەلی عەهد)بووە دەسەڵات بگرێتە دەست، هۆکاری پشتگیریکردنەکەشی زیاتر بۆ دوو هۆکار گەڕاوەتەوە: یەکەم مەجد دەولە بۆ وەرگرتنی دەسەڵات بەتەواوی کامڵ نەبووە. دووەم وەزیرەکەیان بە ناوی (خەطیر) کەسێکی چاو چنۆك بووە، میر بەدریش زۆر ڕقی لێی بووە، پێ دەچێت ترسابێت لە ئەوەی مەجد دەولە هەر بەناو لە دەسەڵات بێت و خەطیر دەسەڵاتەکە بۆ خۆی قورخ بکات[43].

هەر لە ئەم ساڵەدا (397ك) پەیوەندی نێوان بەهاء دەولە و میر بەدر تێکچووە، بەهۆی ئەوەی ئەبوفەتح (موحەمەدی کوڕی عەناز)ی کردبووە حاکمی حەلوان و کرماشان و پاراستنی ڕێگای بازرگانی خۆراسان، کە بەدر زۆر ڕقی لێ بووە، بۆیە بەدریش کەوتۆتە یارمەتیدانی ئیبن واصل خاوەنی بەسرە، کە لە گوێڕایەڵی بەهاء دەولە دەرچوو بوو. سەرەنجامی ئەم ململانێیە بەدر سوپایەکی بە سەرکردایەتی (ئەبوجەعفەر کوڕی هرمز) و بەیارمەتی هەندێ لە سەرکردەکانی ناوچەکە (هندی کوڕی سەعد) و (ئەبوعیسای شادی) و (وەرامی جاوانی) و (ئەبوحەسن عەلی کوری موزەید)ی ناردۆتە سەر بەغداد، کە ژمارەکەی دەهەزار سوار بووە، بە درێژای یەك مانگ ئابلۆقەی بەغدادی داوە، ئەگەر یارمەتی ئەبوفەتحی عەناز و شکستی ئیبن واصل بەدەستی ئەبوفەتح نەبوایە، دەستیان بەسەر شاری بەغداد دا دەگرت[44].

لەم ڕووداوەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کەوا دەسەڵاتی بەدر چەند بەهێز و فراوان بووە، توانیویەتی هەموو ئەو سەرکردانە لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە. لە ڕاستیدا میر بەدر شایەنی ئەوەبووە حوکمی بەغداد بکات نەك میر و هەندێک لە فەرمانڕەواکانی بوەیهییەکان.

هەروەها میر بەدر لە ساڵی (400ك) سوپایەکی کۆکردۆتەوە بۆ گێرانەوەی دەسەڵاتی شەرەف دەولەی هاوپەیمانی، کە مەجد دەولە دەستی بەسەر ناوچەکانی (ڕێ)دا گرتبوو، بەڵام بەهۆی ئەوەی هیلالی کوڕی لە دینەوەر لێی هەڵگەڕاوەتەوە و دەستی بەسەر هەندێک لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی بەدری باوکیدا گرتووە، ناچار بەدر گەڕاوەتەوە [45]. دیارە ئەمەش دەستی نەیارانی لە پشتەوەبووە، کە هیلال دایکی لە شازنجانییەکان بووە. دەشزانین شازنجانییەکان دووژمنی بەدر بوون وەك (لەسەرەوە باسمان کرد)[46]. هەروەها (خەطیر)کە پێشتر باسمان کرد، چەند جارێك نامەی بۆ هیلال ناردووە کەوا دژایەتی بەدری باوکی بکات[47].

بوەیهییەکان نەیانتوانیوە بە هێزی خۆیان کۆتای بە دەسەڵاتی میر بەدر بهێنن، لەهەمانکاتدا میر بەدر هەمیشە دەستی خستۆتە ناو ململانێکانی نێو بنەماڵەی بوەیهی، دیارە بۆ کۆتایی بەم دەسەڵاتە بەهێزەی بەدر ئەو دوو ڕێگایەیان گرتۆتەبەر. بنەماڵەی شازنجانی نزیك لە سنووری دەسەڵاتی بەدر بەهێز بکەن و لەناوخۆیشی دوژمنی بۆ پەیدابکەن، بەمەش سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە و میرنیشینەکە وردە وردە لەسەردەمی بەدرەوە ڕووەولاوازی ڕۆیشتووە.

لەکاتی ململانێی نێوان میر بەدر و هیلالی کوڕی، هیلال لەلایەن وەزیرەکەی بەهاء دەولەوە بەناوی فەخرولملوکی بوەیهی بەدیل گیراوە[48]دوای ئەوەی سوڵتان دەولە هاتۆتە سەر دەسەڵات لە دژی شەمس دەولە ئازادی کردووە، چونکە دوای کوژرانی بەدری کوڕی حەسنەوی لە ساڵی (405ك)، شەمس دەولە دەستی گرتبوو بەسەر هەندێ لە موڵکەکانی حەسنەوی، بۆیە سوڵتان ئازادی کردووە و دەسەڵاتی پێداوە، بەڵام دوای چەند شەڕێک لەگەڵ شەمس دەولە سەرئەنجام هیلال بە دیلی لە نزیك هەمەدان کەوتۆتە دەست شەمس دەولە، پاشان لەتۆڵەی ٠عەبدولمەلیکی کوڕی ماکانی دەیلمی) کوشتویانە[49].

دوا پەیوەندی لەنێوان حەسنەوییەکان و بوەیهییەکاندا ئازادکردنی (طاهیری کوری هیلالی کوری بەدر) بووە، کەلە شەڕێکدا لەگەڵ شەمس دەولە لە ساڵی(405ک) دا گیراوە، بەڵام لە ساڵی (406ك) شەمس دولە ئازادی کردووە. طاهیر سوێندی گوێڕایەڵی بۆ خواردووە و دینەوەری کردۆتە ناوەندی دەسەڵاتی، دواتر لەلایەن حسام دولە (ئەبوشوك کوری ئەبوفەتح) کوژراوە، بەم شێوەیە میرنیشینەکەش کۆتایی بە دەسەڵاتی هاتووە[50].

یەکەمین پەیوەندی نێوان عەنازییەکان[51] لەگەڵ بوەیهییەکان دەگەڕێتەوە بۆ دەسەڵاتی (ئیبن ئەبی شوك کوردی) کە بوەیهییەکان دەیکەن بە فەرمانڕەوای ناوچەکانی حەلوان بەمەبەستی پاراستنی ڕێگای بازرگانی خۆراسان، بەڵام مێژوونووسان باس لە ئەو ساڵە ناکەن کە ئیبن ئەبی شوك کراوە بە فەرمانڕەوای ئەو ڕێگایە، تەنها ئەوەندە هەیە ئاماژە بەوە دەکەن ئیبن ئەبی شوک هاوکاری بوەیهییەکانی کردووە لە گرتنی شاری بەغداد[52] دوای وەرگرتن و چەسپاندنی دەسەڵاتەکەیان لە بەغداد لە ساڵی(334ك)، ئیبن ئەبی شوك کوردی دەکەن بە فەرمانڕەوای ئەو ناوچەیە، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێننەوە هەرکەسێك کراوە بە فەرمانڕەوای ئەو ناوچەیە نەیتوانیوە ڕێگری بکات لە چەتەگەری خەڵکی ناوچەکە، بۆیە ئیبن ئەبی شوکیان وەک کەسایەتیەکی ناوچەکە کردووە بە فەرمانڕەوا[53] .

لە ئەمەشەوە دەتوانین بڵێین بوەیهییەکان دوو دەستکەوتیان هەبووە: یەکەم پاراستنی ڕێگای بازرگانی خۆراسان بووە. دووەم ئیبن ئەبی شوك بووە هاوپەیمانی بوەیهییەکان و پشتی گرتوون، بەڵگە لەسەر خاڵی دووەم ئەوەبووە، کاتێك لە ساڵی (339ك) سامانیەکان بنەماڵەیەکی فەرمانڕەوای فارس بوون، دەستیان بەسەر ناوچەکانی ڕێ و هەمەدان و کرماشاندا گرتووە، بەڵام هاوپەیمانەکانی بوەیهییەکان لە ناوچەکە ئامادەنەبوون شەڕی سامانیەکان بکەن، بۆیە لەسەر پێشنیاری ڕوکن دەولە، موعیز دەولە نامەی نووسیووە بۆ ئیبن ئەبی شوك، ئەویش چووە بۆ یارمەتی ڕوکن دەولە و بەسەریاندا سەرکەوتوون[54]. بەڵام ئەم یارمەتیدانە و پەیوەندیە دۆستانەیە تا سەرنەبووە، چونکە دوای ماوەیەک نێوان ئیبن ئەبی شوك و بوەیهییەکان تێکچووە. ئەمەش لەکاتێکدا بووە لە ساڵی(342ك) ئیبن ئەبی شوک ڕێگەی بە نوێنەری خەلیفە و بوەیهییەکان بە ناوی (ئەبوموخلد عەبدوڵای کوڕی یەحیا) گرتووە، کە لەکاتی گەڕانەوەدا بووە بۆ بەغدا، کاروانەکەشی تاڵان کردووە، تا ئەوەی ڕێککەوتوون لەسەر ئازادکردنی کاروانەکە، دوای ئەم ڕووداوە موعیزدەولە (سپکتکین حاجب)ی ناردۆتە سەر ئیبن ئەبی شوك و کوردانی شازنجانی، ڕێوشوێنی دەسەڵاتی ئیبن ئەبی شوك و کوردانی ڕێکخستووە و گەڕاوەتەوە بەغدا[55].

پێدەچێت ئەم کارەی ئیبن ئەبی شوك بە هۆی ئەوەوە بوبێت کە لە ساڵی(339ك) لە شەڕەکەدا ئیبن ئەبی شوک یارمەتی بوەیهییەکانی دا، کەچی بۆ ڕێککەوتنە ئاشتییەکە بەشدارییان نەکردوە، دیارە ئەویش بەمافی خۆی زانیوە بەشداری ئەو ئاشتەوایە بکات.

لەدوای ئەم ڕووداوەوە پەیوەندی شازنجانییەکان و عەنازییەکان لەگەڵ بوەیهییەکان لەسەرچاوەکاندا باس ناکرێت تا ساڵی (389ك) کە لە ئەم ساڵەدا (ئەبوفەتح موحەمەدی کوڕی عەناز) دامەزرێنەری میرنیشینەکە، لەگەڵ (ئەبوجەعفەر حەجاج) کە سەرکردەیەکی بوەیهییەکان بووە، بەشداری لە شەڕی دژ بە عەقیلیەکان کردووە، لە بەرامبەردا ناوچەی دسکەرەی پێدراوە[56].

لە ساڵی (392ك) ئەبوفەتح جارێکی تر دەبێتە پاڵپشتی بوەیهییەکان لە جەنگان دژ بە (ئەبوحەسەن عەلی کوڕی مەزید) و عەقیلییەکان، کە لە ئەم شەڕەشدا بە هەمان شێوەی پێشوو ئەبوجەعفەر حەجاج سەردەکەوێت بەسەر موزیدی و عەقیلیەکان[57].

لە ساڵی (397ك) جارێکی تر گەورەترین خزمەتی بە بوەیهییەکان لە سەردەمی بەهاء دەولە کردووە، لەبەرئەوەی توانی ئەو سوپایە تێکبشکێنێ کە (بەدری کوڕی حەسنەوی) ناردبووی بۆ گرتنی بەغداد، کە چەند سەرکردەیەك تێدا بەشدار بوون و، لە ماوەی یەك مانگ گەمارۆیان دا (پێشتر باسمان کرد )، بەڵام ئەبوفەتح بووە هۆکارێك بۆ تێکشکاندنی سوپاکەی میر بەدر و ڕزگارکردنی شاری بەغداد[58]،دیارە لە هەرسێ ڕووداوەکەدا ئەبوفەتح زیرەکی و لێهاتوویی خۆی سەلماندووە بۆ بوەیهییەکان، هەربۆیش بوەیهییەکان بە شێوەیەکی فەرمی لە هەمان ئەو ساڵەدا کردویانە بەپارێزەری ڕێگای خۆراسان[59].

لە دوای ئەبوفەتح موحەمەد لە ساڵی (401ك) (حسام دەولە ئەبوشوك)ی کوڕی جێگەی دەگرێتەوە، بەڵام وادیارە بوەیهییەکان بەمە ڕازی نابن، بۆیە سوپایەك بە سەرکردایەتی فەخرولمولك دەنێرنە سەر حسام دەولە، لە ئەم شەڕەدا حسام دەولە توشی شکست بووە، تا ئەوەی لە ناوچەی حەلوان خۆی قایم کردووە، دواتر (ئەبوغالب خەلەف)ی وەزیری بوەیهییەکان لەگەڵ حسام دەولە ڕێککەوتووە[60].

ئەگەر سەرنج بدەین لە زۆربەی ئەو میرانەی لەناو میرنیشینەکاندا دەسەڵاتیان گرتۆتەدەست، ئەوا دوو ڕێگا لە بەردەمیاندا بووە: یان هەر لەگەڵ سەرەتای دەسەڵاتیدا گوێڕایەڵی خۆی بۆ بوەیهییەکان دەربڕێت. یان ئەوەیە لە ڕێگەی هێزەوە ملکەچیان کردووە. پێدەچێت حسام دەولە لە سەرەتاوە ئامادە نەبووبێت ببێت بە بەشێك لە دەسەڵاتی بوەیهییەکان، بۆیە ئەم هێرشەیان ئەنجام داوە. هەر لە سەردەمی دەسەڵاتی حسام دەولە لە ساڵی (406ك) (طاهیری کوڕی هیلال)ی حەسنەوی لەلایەن شەمس دەولەوە ئازاد دەکرێت و دەسەڵاتی پێ دەدات. سەرئەنجام لەگەڵ حسام دەولە دەکەوێتە شەڕەوە، لە ئەم شەڕەدا سوعدای برای حسام دەولە دەکوژرێت[61]. لێرەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە بوەیهییەکان میر و سەرکردە کوردەییەکانیان بۆ دژایەتی یەکتری و بەرژەوەندی خۆیان بەکارهێناوە.

حسام دەولە ئەبوشوك وردە وردە دەسەڵاتی بەهێز دەبێت بە شێوەیەك بوەیهییەکان لە ململانێکانی نێو بنەماڵەکەیان پەنادەبەنە بەر حسام دەولە، ئەوەتا جەلال دەولە لە ساڵی (420ك)دا داوای یارمەتی لێ دەکات لە شەڕی دژی (کالیجاری کوڕی سوڵطان دەولە) بەهۆی یارمەتییەکانی حسام دەولە ئەبوشوکەوە توانی دەست بەسەر ئەهوازدا بگرێت[62]. بەڵام حسام دەولە لەسەر یەك ئاراستە نەڕۆیشتووە بۆ یارمەتی دانی بنەماڵەی بوەیهی، ئەوە تا لە ساڵی (428ك) بەپێچەوانەوە کەوتۆتە لایەنگری ئەبوکالیجار دژی جەلال دەولە، خوتبەشی بە ناوی ئەوەوە خوێندۆتەوە[63].

لە سەرچاوەکاندا باس لە ئەوە نەکراوە بۆچی وازی لە جەلال دەولە هێناوە و پشتی ئەبوکالیجاری گرتووە، پێدەچێت بەهۆی ئەوەوە بوبێت لە پشتگیری یەکەمی جەلال دەولە پاداشت نەکرابێت، لەبەرامبەر ئەو یارمەتیانەی حسام دەولە ئەنجامی داوە.

ئەوەنەبێت حسام دەولە هەمیشە لەلایەن بوەیهییەکانەوە بەکارهێنرابێت، بۆ یەکلاییکردنەوەی کردە سەربازیەکانی نێو بنەماڵەکەیان و دووژمنەکانیان، بەڵکو حسام دەولەش بۆ هەمان مەبەست و چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆیەکانی نێو بنەماڵەکەی پەنای بردۆتەوە بەر هەندێک لە میرەکانی بوەیهییەکان وەک ئەوەی لە ململانێی لەگەڵ براکانی، کە (سورخاب و موهەلهەل) بوون لێی هەڵگەڕانەوە و بە پاڵپشتی (عەلاء دەولە کاکەوییە) و (ئەبوفەتح موحەمەد کوڕی وەرام) زۆربەی ناوچەکانی حسام دەولە داگیردەکەن، بۆیە ئەمیش پەنا دەباتە لای جەلال دەولە کوڕی بەهاء دەولە، ئەویش یارمەتی دەدات بۆ گێرانەوەی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی و میرنیشینەکەی[64].

سەرەتای پەیوەندی (بادی کوڕی دۆستك)[65] لەگەڵ بوەیهییەکاندا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (367ك) بۆ ئەوکاتەی عیز دەولەی بوەیهی (338-372ك) توانی لە هەرێمی جەزیرە و موسڵ بەسەر دووژمنەکانیدا سەربکەێت. لە ئەم ساڵەدا موسڵی گرتووە و سەرداران و کەسایەتیەکانی ناوچەکە پێشوازیان لێکردووە، میر بادیش یەکێك بووە لە ئەو کەسایەتیانە، بەڵام ئەوەی بۆ دەرکەوتووە کەوا عیزدەولە کەسێکە جێگەی بڕوانیە، بۆیە بە دزیەوە موسڵ بەجێ دەهێڵێت و دەڕواتەوە بۆ دیاربەکر، عیزدەولە بەم کارەی بادی زانیووە و هێزێکی ناردووە بۆ گرتنی، بەڵام بێ ئەنجام دەگەڕێنەوە بۆ لای عیزدەولە[66].

دیارە باد زیرەکی و لێهاتووی عیزدەولەی بۆ دەردەکەوێت، بۆیە تاوەکو ئەو نەمرێت نابینرێت فراوانخوازی دژی بوەیهییەکان لەناوچەکانی ژێردەسەڵاتی ئەو بکات، کاتێك لە ساڵی(372ك) عیزدەولە کۆچی دوایی کردووە، صەمصام دەولە (372-388ك) جێگەی گرتۆتەوە. میر باد سوپایەك پێکدەهێنێت بۆ هێرشکردنە سەر ناوچەکانی موسڵ، صەمصامیش سوپایەك بە سەرکردایەتی (ئەبوسەعید بارام کوڕی ئەردەشێر) ئامادە کردووە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی میر باد، سەرئەنجام هەردوولا لە ناوچەی (نەصیبەین) بەیەك دەگەن و میر باد سەردەکەوێت[67]، بەڵام ئەم شکستە کۆڵی بە صەمصام دەولە نەداوە، سوپایەکی تر بە سەرکردایەتی (ئەبوقاسم سەعد حاجب)ناردۆتە سەر میر باد، لە گوندی باجلێ نزیك(سەر بە پارێزگای دهۆکی ئێستا)بەیەك گەیشتوون میر باد جارێکی تر سەرکەوتنی بەدەست هێناوە[68].

میر باد پێشڕەوی کردووە تا ئەوەی ڕۆشتۆتە ناو موسڵەوە، ئەوەی بووە هۆی مەترسی و صەمصام دەولەی توشی شۆك کردووە هەوڵدانی میر باد بووە بۆ دەست بەسەراگرتنی شاری بەغدای پایتەخت، هەربۆیەش لە ساڵی (373ك) سوپایەکی گەورە و بەهێزی بە سەرکردایەتی (زیاری کوڕی شەهراکۆیە) ناردۆتە سەری لە موسڵ، سەرئەنجام میر باد شکستی خواردووە و پاشەکشەی بۆ دیاربکر کردووە[69].

لەبەر ئەو مەترسیەیی میر باد دروستی کردبوو، صەمصام وازی نەهیناوە، بەڵکو هەوڵیداوە بەیەکجاری کۆتایی بە دەسەڵاتی میر باد بهێنێت، بۆیە سوپاکەی دوای لەشکری شکستخوارد و کەوتووە، بەڵام نەیتوانیووە دەست بەسەر دیاربەکردا بگرێت، ئەمەش وای لەصەمصام کردووە پەیوەندی بە (سەعد دەولەی حەمدانی) فەرمانڕەوایی ناوچەکانی حەلب کردووە، کەوا لە لەناوبردنی میر باد دا یارمەتی بدات، لەبەرامبەردا دیاربەکری پێ دەدات، لەگەڵ ئەمەشدا صەمصام نەیتوانیوە کۆتایی بە دەسەڵاتی میر باد بهێنێت. سەعد دەولە بە هۆی ئەو تەماحەی صەمصام خستبویە بەردەمی ویستویەتی بە فێڵ کۆتایی بە باد بهێنێت، کەسێکی ناردووە تا لەناو جێگەکەیدا بیکوژێت، ئەمەشیان سەری نەگرتووە تەنها قاچی بریندار بووە[70].

لە ئەو ڕووداوانەوە بۆمان دەردەکەوێت کەوا میر باد چەند بەهێز و لێهاتوو بووە، نەیارەکانی هەموو ڕێگەیەکیان گرتۆبەر نەیانتوانیووە لەناوی بەرن، هەرئەمەش وای لە صەمصام کردووە لە ساڵی (375ك) ڕێکەوتنی ئاشتی لەگەڵ میر باد ئەنجام بدات، لە ڕێکەوتنەکەدا هاتووە (هەرێمی جەزیرە تاوەکو تورعابدین) (سەعد حاجب) وەکو سەرکردەی بوەیهیی حوکمڕانی بکات، هەموو (دیاربەکر و نیوەی تورعابدین) بۆ میر باد بێت[71].

دەتوانین بڵێین تەنها نێوان ساڵانی (375-377ك) بە ساڵانی ئارامی دادەنرێت لەنێوانی بوەیهییەکان و میر باد دا، چونکە لە ساڵی (377ك) دوای ئەوەی سەعد حاجب کۆچی دوای کردووە، بوەیهییەکان (ئەبونەسر خواشازە)یان کردووە بە فەرمانڕەوای موسڵ، میر باد جارێکیتر ئەوە هاتۆتەوە بیری هێرش بکاتەوە سەر موسڵ، سەرەتاش پەلاماری ناوچەکانی (نەسیبەین)ی داوە، لە ئەم ڕووبەڕووبونەوەیەدا (ئەبولفەوارس حسێن)ی برای بە دەستی ئەبونەسر خواشازە کوژراوە[72].

لە ساڵی (379ك) کاتێك شەرەف دەولە بوەیهیی کۆچی دوایی کردووە، موسڵ کەوتۆتە دەست کوڕانی حەمدان ئەوانیش (ئەبو عەبدوڵا و ئەبوطاهیر)ن، ئەبونەسر خواشازە گەڕاوەتەوە بەغداد، میر باد جارێکیتر هەوڵیداوە دەست بەسەر موسڵدا بگرێت، سوپایەکی کۆکردۆتەوە و خۆی سەرکردایەتی کردووە، ئەمەش وای لە کوڕانی حەمدان کردووە پەنابەرنە لای عەقیلیەکان و لەگەڵیاندا ڕێککەوتوون بە مەرجی پێدانی نەسیبەین و هەرێمی جەزیرە، سەرئەنجام لە شکری حەمدانی و عەقیلی لەگەڵ میر باد کەوتونەتە شەڕێکی سەختەوە، تا ئەوەی لەنزیك تورعابدین باد لە گەرمەی شەڕەکەدا

ویستویەتی لەسەر ئەسپەکەیەوە خۆی هەڵداتە سەر ئەسپێکیتر، بەڵام پێی ڕانەگەشتووە و کەوتۆتەخوارەوە و مردووە، بەمەش سوپاکەی توشی شکست بووە (ئەبوعەلی حەسەنی کوڕی مەروان)ی خوشکەزایی سەرکردایەتی سوپاکەی گرتۆتە ئەستۆ و سوپاکەی کشاندۆتەوە بۆ دیاربەکر[73].

بەمەش کۆتایی بە دەسەڵاتی میر باد هاتووە، کە سەردەمی دەسەڵاتەکەی بەسەردەمی دۆستەکی دەناسرێت، دوای ئەوەی (ئەبوعەلی حەسەنی کوڕی مەروان) (0380-387ك) دەسەڵاتی گرتە دەست و خاڵۆژنی لە خۆی مارەکردووە، توانی دەسەڵاتەکەی لە لەناوچوون بپارێزێ و میرنشینی مەروانی[74](380-478)دامەزراندووە[75].

ئەبوعەلی حەسەن پێچەوانەی خاڵۆی پەیوەندی لەگەڵ بویهیییەکان باش بووە، بە بەڵگەی ئەوەی لە سەرچاوەکاندا باس لە شەڕ و ململانێی لەگەڵ بویهیییەکان ناکەن، بەڵکو لەسەرچاوەکاندا باس لە ئەوە دەکرێت کەوا دانی ناوە بە خیلافەتی عەباسی و بویهیییەکان و دراوی بەناوی ئەوانەوە دروستکردووە[76].

دوای ئەبوعەلیش (ئەبومەنسور سەعیدی کوڕی مەروان)ی برای (387-401ك) جێگەی گرتۆتەوە و، هەمان سیاسەتی براکەشی پەیڕەوکردووە لە بەرامبەر بویهیییەکان و خەلیفەی عەباسی دا، خەلیفە قادر (381-422ك) و بەهاء دەولە (388_403ك) دانیان ناوە بە دەسەڵاتەکەی و نازناوی ممهد دەولەیان پێ بەخشیووە[77].

کاتێکیش (ئەحمەدی کوڕی مەروان) (401-453ك) دەسەڵاتی گرتۆتە دەست هەمان سیاسەتی براکانی گرتۆتە بەر، بووەتە جێگەی بایەخی خەلیفە و بویهیییەکان و ڕێزی زۆریان لێگرتووە، هەربۆیەش لە خوتبەدا ناوی میری بویهی هێناوە، لە دراویشدا ناوی میری بویهیییەکانی نەخشاندووە[78].

ئەوەی زیاتر ناوبانگی میری مەروانی زیاترکردووە، لە چوار ڕۆژی جەژنی قورباندا لە ساڵی (403ك) لەکاتی کردنەوەی کۆشکەکەیدا بانگهێشتی فەرمانڕەوایانی ناوچەکەی کردووە، تیایدا نوێنەری خەلیفە قادر و سوڵتان دەولەی بویهیی ئامادەبوون، بە کۆمەڵێك خەڵات و دیاری و پۆشاکەوە، پاشان دانیان ناوە بە دەسەڵاتی و نازناوی (نەسر دەولە عیمادها زولصرامتین)یان پێ بەخشیووە و پۆشاك و دیارییەکەی خەلیفەی لەبەرکردووە[79].

دەتوانین بڵێین ئەم پەیوەندیە باشەی نێوان میرانی مەروانی و بویهیییەکان بۆ چەند خاڵێك دەگەڕێتەوە:

1- هەردوولا گەیشتنە ئەو بڕوایەی بە شەڕ و ململانێ کێشەکان چارەسەرناکرێ، ئەمەش بە سوودوەرگرتن لە ئەو شەڕ و ململانێیەی لە سەردەمی میر باد دا ڕووی دەدا.

2-ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی مەروانییەکان ناوچەیەکی سەرسنوربووە لەنێوان بێزەنتە و خیلافەتی فاطمی، بویهیییەکان لە ئەوە ترساون ببنە هاوپەیمانی یەکێك لە ئەو دوو هێزە، کە نەیاری خیلافەتی عەباسی بوون.

3-لاوازبوونی دەسەڵاتی بویهیییەکان و سەرقاڵبوونیان بە ململانێکانی نێو بنەماڵەکەیان.

## ئەنجام

سەرئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیە بۆمان دەردەکەوێت:

1_بویهیییەکان یەکێک بوون لە بنەماڵە فەرمانڕەواکانی سەردەمی خیلافەتی عەباسی، زیاتر لە سەد ساڵ لەنێو ئەم خیلافەتەدا دەسەڵاتێکی فراوانیان هەبووە. هەر لەگەڵ وەرگرتنی دەسەڵاتیاندا هەوڵی بە ناوەندیکردنی دەسەڵاتیان نەداوە، بەڵکو ناوچەکەیان لەنێوان ئەندامانی بنەماڵەکەدا دابەشکردووە، بەمەش هەندێک لە نەتەوە جیاوازەکانی ژێر دەسەڵاتی خیلافەت سوودیان لە ئەم سیاسەتەی بویهیییەکان وەرگرتووە و دەستیان کردووە بە دامەزراندنی کیانی سیاسی خۆیان، کوردیش یەکێك بووە لە ئەو نەتەوانە و ئەو هەلەی قۆستۆتەوە و لەسەردەمی ئەم بنەماڵە حوکمڕانەدا چەند میرنشینێکیان دامەزراندووە.

2_پەیوەندی نێوان میرنشینە کوردییەکان و بویهیییەکان، لە میرنشینێکەوە بۆ میرنشینێکی تر جیاوازبووە، لە وەرگرتنی دەسەڵاتێك لەلایەن میر و فەرمانڕەوایەکی بویهیی بەهەمان شێوە بووە. واتە پەیوەندییەکان لەسەر یەك ئاراستە نەڕۆیشتوون، بەڵکو لەگەڵ گۆڕینی میرێك بۆ میرێکی تر و میرنشینێك بۆ میرنشینێکی تر، سیاسەت و پەیوەندیان گۆڕانی بەسەردا هاتووە.

3_دوای ئەوەی ململانێ کەوتۆتە نێو بنەماڵەی بویهییەوە، ئیتر هەندێ لە میری میرنشینەکان دەبوون بە بەشێك لە ئەو ململانێیە، ئەمەش دوای داواکردنی میرێکی بویهیی لە میرێکی میرنشینەکان بۆ ئەوەی لە لێدانی براکەی یان مامی یان ئامۆزاکەی یارمەتی بدات، یان هەندێک جار میرنشینەکان لە ئەو ململانێیە دالدەی هەڵهاتووەکانیان داوە، بۆیە میرنشینەکە دەبوو بە بەشێك لە ئەو ململانێیە دژی لاکەی تر.

4_لە کۆتایدا ئەوە ڕووندەبێتەوە پەیوەندی نێوان بویهیییەکان و میرنشینەکان هەمەجۆر بووە: وەك شەڕ و ململانێ-ئاشتی و ڕێکەوتن-یارمەتیدانی یەکتر، واتە پەیوەندیەکە بە پێی باردۆخەکە گۆڕانی بەسەرداهاتووە.

## پەراوێزەکان

---

1)ابن الجوزی: المنتظم،ج14،ص42: ابن الاثیر: الکامل فی التاریخ،ج٤،ص ص٨٧_٨٨.

2) ابی فداء :مختصر فی تاریخ اخبار البشر،ج٢،ص٧٨: ابن خلدون: تاریخ ابن خلدون،ج٤،ص٥٦٣.

3)بێرناردۆلویس: رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە سەرهەڵدانی مەسیحیەتەوە تاوەکو ئەمڕۆ,ل99 :محمد تحسین حسێن: سیستەمی پشتاوپشت,ل121.

[4])حسن ابراهیم حسن:تاریخ الاسلام والدین واثقافی,ج3,ص43: محمد خصری بك: محاضرات تاریخ الامم السلامیه_الدوله العباسة،ت.محمد العثمانی،ص ص٤١٦-٤٢٦.

[5]) ماکانی کوری کالی: سەرکردەیەکی دیلەمی بووە، دەستی بەسەر (جورجان و تەبەرستان)دا گرتووە، پاشان لە دژی (عەلی کوڕی محتاج) بووە بە هاوپەیمانی (وەشمگیری کوڕی زیار) فەرمانڕەوای زیارییەکان، کە یەکێک بووە لە سەرکردەکانی ناوچەکە. لە ئەو شەڕەی کە لە ساڵی (329ك/941ز) لە نێوانیاندا لە ناوچەکانی (ڕێ) ڕوویداوە. ماکان بە دەستی عەلی کوری محتاج کوژراوە.(ابن الاثیر: م.س،ج٤،ص ص١٥٣-١٥٥.).

[6])ابی فیداء: م.س،ج٢،ص٧٨: ابن خلدون: م.س،ج٤،ص٥٦٤.

[7])مرداویجی کوڕی زیاری دەیلەمی: یەکێك بوو لەسەرکردە سەربازیەکانی (سەفاری کوڕی شیرەوی) کە فەرمانڕەوای ناوچەکانی ئێران بووە، بەڵام لە ساڵی (٣١٥ک) لە سەفار هەڵدەگەڕێتەوە و دەیکوژێت، دوای ئەوە دەست بەسەر هەندێک لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی (سەفار)دا وەک: (ڕێ و هەمەدان و دینەوەر و ئەسفەهان و چەند ناوچەیەک تر)دا دەگرێت. (ابی فداء: مختصر فی اخبار البشر،ج٢،ص٧٣.)

[8])ابن الاثیر: م.س،ج٤، ص ص ٨٨-٨٩: قادر محمد حسن: الامارات الکوردییه فی العصر البویهی,ص ص89-90: حسن نراقی: چەرتەیەك لە مێژووی ئیران,ل86: حسن ابراهیم حسن : م.س، ج3،ص48.

[9])ئارشاك پۆڵادیان: کورد لە سەدەی حەوتەم تا سەدەی دەیەم,ل115: قادر محمد حسن:م.س,ص90.

[10]) ئیبنولئەثیر ئاماژەی بەوەکردووە ئەوکەسانەی مەرداویجیان کوشتووە ئەمانەبوون: (تۆزۆن) کە وەك فەرماندەی سوپای بەغداد دیاریکراوە. (یاروق) و (کوری بوغرا) و (موحەمەدی کوری یەنالی تەرجومان) لەگەڵ (بەجکم). بەجکم ئەو کەسەبوو کە پێش تۆزۆن (329-334ك) فەرمانڕەوای عێراقی کردووە (329/327ك). بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (کامل،ج٤، ص ص ١٠٨-١١١).

[11]) حسن ابراهیم حسن:م.س,ج3،ص49:حسامەدین علی غالب نەقشبەندی:شارەزوور و لورستانی باکوور لە سەدەکانی ناوەراست,ل199: محمد سهیل طقوش: التاریخ الاسلامی المجیز:ص ص١٨٧-١٨٨.

[12])ابن خلدون: م.ص،ج٤،ص ص ٥٧٤-٥٧٥: حسن ابراهیم حسن:م.س,ج3،ص49.

[13]) ابن الجوزی: م.س،ج14،ص ص42-43: ابن کثیر:البدایه و النهایه،ج١٥،ص ١٦٧: صفیه سعاده: تاریخ بغداد الاجتماعی فی الفترەتین البویهیه و السلجوقیه, ص23.

[14]) موتیع الله: لەساڵی (301ك) لەدایك بووە ناوی (فەزلی کوڕی موقتەدیری کوڕی موعتەصد)ە، دایکی ناوی (شەغلە) بووە. لە دوای لابردنی خەلیفە موستەکفی لەلایەن بوەیهییەکانەوە لە ساڵی(334ك) بووە بە خەلیفە، لە ساڵی (363ك) عیزدەولە بەختیار پێشنیاری کردووە بۆ طائعی کوڕی لابچێ(363-381ك) و واز لە دەسەڵات بهێنێت، خەلیفە موتیع پێشنیارەکەی وەرگرتووە. دوای (29) ساڵ لە خیلافەت وازی هێناوە، لە ساڵی(364ك) کۆچی دوایی کردووە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (سیوطی،جلال الدین عبدالرحمان:تاریخ الخلفاء,ص ص٣١٥-٣٢٠)

[15]) یوسف العش: محاضرات فی تاریخ الخەلافه العباسیة,ص١٧٣: حسن ابراهیم حسن:م.س.ج3،ص50.

[16]) صفیه سعاده: م,س,ص23: قادر محمد حسن:م.س,ص90.

[17]) یوسف العش: م.ص، ص ١٧٢: مهدی عوسمان ,س,پ.ل139.

[18]) محمد سهیل طقوش: تاریخ الدوله العباسه,ص٢٢٨: رسول ابراهیم رسول:کاریگەریەکانی لە شکرکێشی هێزە بیانیەکان بۆ سەر کوردستان,ل57.

[19]) دیارترین ململانێ لەنێوان ئەندامانی بنەماڵەی بوەیهییەکان ململانێ نێوان شەرەف دەولە(376-379ك) و صەمصام دەولە (376/372ك)بووە. بۆ زانیاری لەسەر ئەم ململانێیە بڕوانە(حسن منیمنە: تاریخ الدوله البویهیه,ص ص137-143.

[20])ابن کثیر،م.س، ج١٥،ص٧٣٠: علی محمد الصلاب: دەوڵەتی سەلجوقی,ل58.

[21])دەیسەمی کوڕی ئیبراهیمی کوردی: یەکێك بووە لە سەرکردە دیارەکانی کورد لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، باوکی ئیبراهیمی کوردی سەرکردەیەکی دیاری بزوتنەوەکەی (هارون شاری خەواریج)ی لە موسڵ بووە. دوای کوژرانی هارون و شکستخواردنی شۆڕشەکە لە ساڵی (282ك) لەلایەن خەلیفە معتەصد (279-289ك)، ئیبراهیم ڕووی کردۆتە ئازەربایجان، لە ئەوێ کچی یەکێك لە سەرکردەکانی خواستووە، لەم ژنە دەیسەم لەدایك دەبێت. لەتەمەنی لاوێتیدا پەیوەندی بە (یوسفی کوڕی ئەبی ساج) (296-315ك)ەوە کردووە،کە فرمانڕەوایی ئازەربایجان بووە و، توانیویەتی زیرەکی و لێهاتوویی خۆی بۆ بسەلمێنێت. ئەمەش وای لە یوسف کردووە بیکاتە جێگری خۆی. کاتێکیش لە ساڵی(315ك) کوژراوە و، دەیسەم بۆتە جێگرەوەی. دەسەڵاتی دەیسم دەکەوێتە نێوان ساڵانی(315-345ك)، لە ئەو ماوەیەدا ڕووبەڕووی زۆر کێشە بۆتەوە و کەوتۆتە شەڕەوە لەگەڵ هەندێ لە سەرکردەکانی ناوچەکە لە ئەوانە (لەشکری کوڕی مەردی-موحەمەد و مەرزەبانی کوڕی میرانی موسافیر-عە لی مشکی-موحەمەدی کوڕی عەبدولڕەزاق). لە ماوەیی دەسەڵاتیدا دراوی بەناوی خۆیەوە دروستکردووە. بەناوی خۆیەوە خوتبە خوێندراوەتەوە. ئەمەش نیشانەی سەربەخۆیی ئەم سەرکردەیە دەردەخات، سەرئەنجام لەلایەن مەرزەبانەوە لە ساڵی (345ك) بەدیل دەگیرێت و چاوی کوێردەکات و دەیخاتە بەندیخانەوە، دواتریش (دەیسەم) دەکوژرێت. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (محمد ئەمین زکی: خوڵاصە،ل ل19-24: مهدی عوسمان هەروتی: س،پ،ل ل79-82: زرار صدیق: س،پ،ل ل118-119.

[22])مسکویه: م،س،ج2،ص ص135-136:محمد ئەمین زکی:خوڵاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان،ل ل22023:حمە کریم عارف: کورد لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلام،ل ل96-97.

[23]) محمد ئەمین زەکی: خوڵاصە،س،پ،ل24: ئارشاك پۆڵادیان:س،پ،ل ل111-112.

[24]) زرار صدیق تۆفیق:س،پ،ل119.

[25])میرنیشینی شەدادی(340-468ك): ئەم میرنیشینە لە ساڵی (340ك) لە هەرێمی ئاران لەلایەن (موحەمەدی کوڕی شەداد)ەوە دامەزراوە، میرنشینەکەش هەر بەناوی ئەوەوەیە، ناوچەکانی دەبیل و گەنجە شوێنی نیشتەجێبوونیان بووە. دوای ئەوەی میر موحەمەد کۆچی دوای کردووە، کێشە دەکەوێتە نێوان کوڕەکانی (لەشکری، فەزلۆن و مەرزەبان)، سەرئەنجام (لەشکری) توانیویەتی بەسەر براکانی تریدا زاڵبێت. دوای مردنی لە شکری، فەزلۆن دەبێتە فەرمانڕەوای شەدادییەکان، بەڵام دوای ماوەیەك لە دەسەڵات لە کاتی ڕاوکردندا بە پیلانێك مەرزەبان دەیکوژێت و خۆی دەبێتە میری میرنیشینەکە. پاش وەرگرتنی دەسەڵات لەلایەن فەزلۆنەوە، توانیویەتی دەست بەسەر بەشێکی زۆری ئەرمینیا دا بگرێت و،نەتەوەکانی وەك (جۆرجی و ئەرمەن)ی ناچارکردووە جزیە بدەن. دراوی تایبەت بە میرنشینەکەی دروست کردووە.

ململانێ و یەکترکوشتن لەنێو ئەم بنەماڵەیە ڕەنگی داوەتەوە، ئەوەتا دوای مردنی (مەزەبان)، (ئەبوفەزڵ مووسا)ی کوڕی جێگەی گرتۆتەوە، بەڵام (لەشکری دووەم)ی کوڕی بە پیلانێك باوکی دەکوژێت و خۆی دەبێتە میری میرنیشینەکە. دوای ئەم میرە بەهۆی هاتنی سەلجوقیەکانەوە دەسەڵاتیان لاوازدەبێت و، پاشانیش لەناودەچن. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (اسماعیل شکر رسول:الامارات الشدادیه فی بلاد ئاران،ص ص69-74 :زرار صدیق:کورد و کوردستان,ل147: سعید بشیر ئەسکەندەر: سیستەمی میرنیشینی لە کوردستان،ل50: خالد علی رەسول: ابن جوزی و کورد لە کتێبەکەی ( مراه الزمان فی تاریخ الاعیان),ل142.

[2626]) قادر محمد محمد:کوردستان لە نیوەی یەکەمی سەدەی شەشەمی کۆچی,ل31:زرار صدیق تۆفیق:س،پ ,ل15.

[27]) میرنشینی ڕەوادی(343-463ك)ناوی ڕەوادی دەگەڕێتەوە بۆ ناوی تیرەی ڕەوادی لە هۆزی گەورەی (هەزبانی). ئەم تیرەیە توانیان لە هەرێمی ئازەربیجان لەساڵی (343ك-954ز) ئەم میرنشینە دابمەزرێنن. شاری ئەردەبیلیان کردۆتە پایتەختی میرنیشینەکەیان. یەکەمین میریان میر (موحەمەدی کوڕی حسێن) بووە، توانیویەتی دەسەڵاتی خۆی بەسەر ئازەربیجان و ئەرمینیاندا بسەپێنێت، بەڵام فەرمانڕەوایی ئەم میرە نزیکەی دوو ساڵ بووە، چونکە لە ساڵی (345ك) کۆچی دوایی کردووە. دوای خۆی کوڕەکەی (حوسێنی کوڕی موحەمەد) (کە بە ئەبولهیجا بەناوبانگە)جێگەی گرتۆتەوە. لە ساڵی یەکەمی دەسەڵاتیدا دەستی بەسەر شاری تەبرێزدا گرتووە، دواتریش کردویەتی بە بنکەی فەرمانڕەوایی میرنشینەکەی. دوای مردنی ئەبولهیجا کوڕەکەی بەناوی مەملان لە ساڵی (373ك) جێگەی گرتۆتەوە. میر مەملان وەك سەرچاوەکان باسی لێوە دەکەن بەناوبانگترین و بە هێزترین میربووە لە میرنشینی ڕەوادیدا، چونکە توانیویەتی دەست بەسەر ناوچەکانی موسافیرەکاندا بگرێت، کە میرنشینێکی فارس بووە لە ناوچەکە

میرەکەشیان بخاتە زیندانەوە. لە سەرچاوەکاندا باس لە فراوانخوازیەکانیشی دەکەن بۆ سەر ناوچەی ئەرمینیا.

یەکێکی تر لە میرە بە هێزەکانی میرنشینەکە (وەهسوزانی کوڕی مەملان)(416-450ك)بووە، کە توانیویەتی دەستبەسەر زۆربەی زۆری هەرێمی ئازەربیجان بگرێت.لە سەردەمی دەسەڵاتی ئەم میرەدا غەزەکان هۆزێکی تورك بوون ڕوویان لە ناوچەکە کردووە، ئەگەرچی توانویەتی سەرەتا بەرگری بکات، بەڵام بەهۆی شاڵاوی تورکە سەلجوقیەکانەوە لەلایەن توغروڵ بەگەوە دەستبەسەر میرنشینەکەیدا گیراوە و لەسەرکار لاییردووە، دواتریش سوڵتان (ئەلب ئەرسەلانی سەلجوقی) بەیەکجاری کۆتایی بە میرنیشینەکە هێناوە. بۆزانیاری زیاتر بڕوانە(حسام الدين على غالب النقشبەندی: أزبيجان في العصر السلجوقي،ص ص111-126:کەیوان ئازاد: کوردستان و کورد لە سەدەکانی ناوەڕاستدا،ل ل٨٠-٩٢: محمد محمود مەندەلاوی: مێژوو شارستانییەتی کورد ,ل215.

[28]) نیشتمان بشیر:س,پ,ل25: کەیوان ئازاد: س.پ،ل ل ٨٣-٨٤.

[29]) زرار صديق تۆفيق:س,پ,ل141.

[30]) سحر السيد عبدالعزيز و ابراهيم محمد:تاريخ الاكراد, ص169.

[31]) میرنشینی حەسنەوی(348-406ك): ئەم میرنشینە لەلایەن کەسایەتیەکی کوردەوە بە ناوی (حەسنەوی کوڕی حسێنی بەرزیکانی) لە ناوچەی دینەوەر و شارەزوور دامەزراندوە، ناوەندی دەسەڵاتی میرنشینەکە قەڵایەك بووە بە ناوی سەرماج لە سەردەمی دەسەڵاتیدا توانیویەتی زۆر ناوچەی وەك کرماشان و ئەسەد ئاباد و ماسەبزان و صامغان و شاپورخواست بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە. دوای بیست ساڵ لە حوکمڕانی کۆچی دوایی کردووە، هەر لەگەڵ کۆچی ئەویشدا شەڕ و ململانێ دەکەوێتە نێوان حەوت کوڕەکەیەوە. لە ئەنجامی ئەو ململانێیەدا هەموویان لە ناوچوون تەنیا ئەبونەجم بەدر نەبێت توانویەتی ببێتە سەرداری میرنشینەکە. وەك سەرچاوەکان گێڕاویانەتەوە میر بەدر کەسێکی زیرەك و لێهاتوو بووە، خزمەتی زۆری بە خەڵکی کردووە. دراوی بە ناوی خۆیەوە دروستکردووە، تاوەکو ئێستا چەند دانەیەك لەو دراوانە دۆزراوەتەوە و لە مۆزەخانەکاندا پارێزراون. میر بەدر دوو ژنی هەبووە وەك دەگێڕنەوە لە هەر یەکێکیان کوڕێکی هەبووە، بەهۆی گرنگیدان بە یەکێك لە کوڕەکانی بە ناوی ئەبوعیسا و پشتگوێخستنی کوڕەکەی تری بە ناوی هیلال، بەدر ویستی هیلال دووربخاتەوە بە پێدانی ناوچەی سامغان، هیلالیش ئەمەی بەهەڵزانیوە لە دەسەڵاتی باوکی دەربچێت، بۆیە دوای خۆبەهێزکردن هێرشی کردۆتە سەر ناوچەی شارەزوور و دەستی بەسەرداگرتووە، بەدر ویستویەتی لەڕێگەی هێزەوە ئەو ناوچانە لە هیلال وەربگرێت، بەڵام شکستی هێناوە. وەك سەرچاوەکان باسیان کردووە هیلال ڕێزی لە باوکی گرتووە و ئازاری نەداوە، کەچی دوای ماوەیەك بەدر لەگەڵ بوەیهییەکان دەستی تێکەڵکردووە و بەسەر هیلالدا سەرکەوتووە و خستویەتە بەندیخانەوە، بەدر بەمەوە نەوەستاوە ویستویەتی سزای هاوکارەکانی هیلال بدات، بەڵام هەندێك لە سوپاکەی بێزاربوون لە شەڕەکانی بەدر، بۆیە لە شەوێکدا بە پیلان کوشتویانە، بۆیە هیلال ئازادکراوە و شوێنی باوکی گرتۆتەوە، هیلالیش ماوەیەك لە دەسەڵات ماوەتەوە ئەویش کوژراوە، دواتر (تاهیری کوڕی هیلال) هاتۆتە سەر دەسەڵات، ئەمیش لەلایەن میر (ئەبوفەتحی موحەمەدی کوڕی ئەبوشوکی عەنازی)ەوە کوژراوە و میرنشینەکەشی خستۆتە سەر میرنشینی عەنازی. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر میرنیشینی حەسنەوی بڕوانە:جەمیل ڕۆژبەیانی:مێژووی حەسنەوەیهی وعەیاری,ل ل51-101: نەقشبەندی:شارەزوور و لورستانی باکوور ,ل ل223-274: ئاکۆ برهان:میرنشینە کوردییەکانی سەردەمی عەباسی، ل ل ٦٩-١٠٤.

[32]) شەرەفخانی بەدلیسی: شەرەفنامە,ل34: محمد امين زەکی: خوڵاصە,ل68.

[33]) ابن خلدون: م.ص،ج٤،ص ص٥٩٠-٥٩١.

[34]) مسکويه:تجارب الامم ,ج2,ص270:ئاراس فريق: دیبلۆماسیەتی کورد لەسەردەمی بوەیهیەکان,ل216.

[35]) مسکويه:م.س،ج2,ص415: روزراوردی: زيل تجارب الامم,ج3,ص9.

[36]) روزراوردی: م.س، ج3,ص17.

[37]) ابن خلدون:م.س،ج٤،ص ص ٦٠٧-٦٠٨.

[38]) روزراوردی:م.س،ج3,ص139:محمد امين زكی:تاريخ الامارات كوردييه,ص76.

[39]) روزراوردی: م.س، ج3,ص169:محمد امين:خولاصه ,ل72.

[40]) نەقشبەندی:شارەزوور و لورستانی باکوور,ل241:زرار صديق:س,پ,ل170 .

[41]) رۆژ بەیانی: س,پ,ل64.

[42]) مهدی عوسمان:س,پ,ل ل150-151:قادر محمد حسن ,م,س,ص100.

[43]) ئاراس فريق زینەڵ: س,پ,ل221: خالد على رسول: س,پ,ل146.

[44]) رۆژ بەیانی: س,پ,ل ل66-67: نەقشبەندی: شارەزوور و لورستانی باکوور, ل ل248-249.

[45]) ئاراس فريق:س,پ,ل221.

[46]) محمد امين زكی: تاريخ الامارات,ص78: زرار صديق: س,پ,ل ل 174-175.

[47]) نەقشبەندی:شارەزوور و لورستانی باکوور,ل245.

[48]) کەیوان ئازاد،س.پ،ل ١١١.

[49]) شەرەفنامە: س،پ،ل37: سحر عبدالعزيز: م,س,ص ص253-254.

[50]) رۆژبەیانی:س,پ,ل ل99-100:سحر عبدالعزيز:م,س,ص254.

[51])میرنشینی عەنازی(381-511ك):ئەم میرنشینە لەلایەن سەرۆکی تیرەی شازنجانی سەر بە هۆزی هەزبانی کوردی (ئەبولفەتح موحەمەدی کوڕی عەناز) لە شاری حەلوان دامەزراوە. هەر لە سەردەمی دەسەڵاتی ئەبولفەتحدا دەستیان بەسەر ناوچەکانی (دینەوەر، شارەزوور، ئەسەدئاباد، خانەقین، مەندەلی، داقوق)دا گرتووە. دوای ئەبولفەتح کوڕەکەی بە ناوی ئەبولشوك(401ك) دەسەڵاتی گرتۆتە دەست. ئەم بنەماڵە فەرمانڕەوایەش وەك زۆربەی بنەماڵەکانی تر بەدەرنەبوون لە ململانێی ناوخۆیی، هەردووبراکەی ئەبولشوك (مهەلهەل و سورخاب) کەوتونە ململانێی براکەیان، مهەلهەل دەستی بەسەر ناوچەی (شارەزوور)دا گرتووە و، سورخابیش بەسەر ناوچەی (مەندەلی)دا. چەند جارێك شەڕ و ڕووبەڕوونەوە لەنێوانیان ڕووی داوە.

به مردنی ئەبولشوك و هاتنە سەر کاری مهەلهەل، دووبەرەکیەکانی نێو ئەم بنەماڵە زیاتربووە، تا ئەوەی بەهۆی ململانێی نێوان (سەعدی کوڕی ئەبولشوك) و مامی، سەعد دەستی سەلجوقیەکانی هێناوەتە نێو میرنشینەکە، بەمەش میرنشینەکە ڕووبەڕووی تاڵانی سەلجوقیەکان بۆتەوە. ئەم هێرش و پەلامارانە بۆ سەر یەکتری چەند جارێك دووبارە بۆتەوە، دواجار مهەلهەل بەسەر سەعددا سەردەکەوێت. نەوەکانی مهەلهەل دەبنە هاوپەیمانی سەلجوقیەکان لە گرتنی بەغداد دا یارمەتی سەلجوقیەکان دەدەن، وەك سەرچاوەکان باسی دەکەن بە ئەو هۆیەوە لەلایەن سەلجوقیەکانەوە تاوەکو ساڵی(511ك/ 117ز) لە دەسەڵاتدا مانەوە. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر میرنیشینەکە بروانە (شەرفنامە:س،پ،ل ل 38-41:رۆژ بەیانی:س,پ,ل ل186-233: همزه کاکه یاسين:حەلوان لەسەردەمی خیلافەتی عباسی تا ڕوخانی میرنشینی عەنازی,ل ل100-122: ئاکۆ بورهان محمد:س.پ، ل ل١٦١-٢٠٤.

[52]) کەیوان ئازاد: س.پ،ل ل ١٣٥-١٣٦.

[53]) زرار صديق: س,پ,ل ل185-186: خالد على رسول:س,پ,ل ل150-151.

[54]) مسکويه: م.س،ج٢,ص139: نەقشبەندی: شارەزوور و لورستانی باکوور,ل394.

[55]) مسکويه: ن.م،ج٢,ص ص155-156:سحر السيد عبدالعزيز: م,س,ص ص295-296.

[56]) هيلال الصابی:من تاريخ هيلال ابن الصابی,ج4,ص339.

[57]) هيلال الصابی: م.ن, ج٤،ص422: کەیوان ئازاد،س.پ،ل١٣٦.

[58]) رۆژ بەیانی: س,پ,ل ل66-67: نەقشبەندی: شارەزوور و لورستانی باکوور.ل ل 248-249.

[59]) مهدی عوسمان:س,پ,ل154: کەیوان ئازاد،س.پ،ل١٣٦.

[60]) زرار صديق: س,پ,ل ل190-191: سحر السيد عبدالعزيز: م,س,ص298.

[61]) سحر السيد عبدلعزيز: م,س,ص ص298-298:همزه كاكه ياسين:س,پ,ل106.

[62]) نەقشبەندی: شارەزوور و لورستانی باکوور,ل395: ئاراس فريق:س,پ,ل218.

[63]) رۆژ بەیانی: س,پ,ل203: مهدی عوسمان: س,پ,ل156.

[64]) سحر السيد عبدالعزيز: م,س,ص299:هەمزه كاكه ياسين: س,پ,ل160.

[65]) ئەبوعەبدوڵای کوڕی دۆستەك:یەکێك بووە لە سەرکردە دیارەکانی کورد لە سەدەکانی ناوەڕاستدا. سەر بەهۆزی حەمیدیە بووە، نازناوەکانی (ئەبوشوجاع)(باد)یان(باز) نیشانە و بەڵگەن لەسەر زیرەکی و لێهاتویی ئەو. لە ماوەی نێوان ساڵانی (372-380ك) حوکمڕانی ناوچەی میافارقین و ئامەدی کردووە، توانیویەتی دەسەڵاتێکی بەهێز دابمەزرێنێت، کە بنەمایەك بووە بۆ میرنشینی مەروانی. هەربۆش لای زۆرێك لەمێژوونووسان و لێکۆڵەران بە میرنشینی مەروانی دەوترێت میرنشینی دۆستەکی. ماوەی دەسەڵاتەکەی پڕە لە شەڕ و ململانێ و فراوانخوازی دژی (بێزەنتی_ بوەیهی_ حمدانی_ عەقیلی)، سەرئەنجام لە شەڕێکدا نزیك تورعابدین لە ساڵی (380ك) لەگەڵ حەمدانیەکان لە ئەسپەکەی دەکەوێتە خوارەوە و دەمرێت. بۆزانیاری زیاتر بڕوانە (فارقی: مێژووی میافارقین و ئامەد، ل ل14-20: عەبدولڕەقیب یوسف: دەوڵەتی دۆستەکی،ل ل16-20: کەیوان ئازاد:س.پ، ل ل،ل١٤٢-١٤٨،١٤٤.)

[66]) روزراوردی: م،س،ج3،ص84: ئەحمد محمود خلیل: کورد لە شارستانیەتی ئیسلامیدا،ل266.

[67]) شەرەفخان: س،پ،ل30: محمد ئەمین زکی: خوڵاصە،س،پ،ل46: سحر السید عبدالعزیز: م،س،ص367.

[68]) عەبدولڕەقیب یوسف: س،پ،ل18: سحر السید عبدالعزیز: م،س،ص368.

[69]) شەرەفخان: س،پ،ل30: لازاریف: مێژووی کوردستان،ل95.

[70]) روزراوردی: م،س،ج3، ص87: عەبدولڕەقیب یوسف:س،پ،19.

[71]) ابن خلدون: م.ص،ج٤،ص٦٠٨: روزراوردی: م،ن، ج3،ص87.

[72]) شەرەفخان:س،پ،ل30:محمد ئەمین زکی:خوڵاصە،ل ل47-48.

[73]) فارقی: س،پ،ل ل19-20: عەبدولڕەقیب یوسف: س،پ،ل20: ئەحمد محمود خلیل:س،پ،ل267.

[74])میرنشینی مەروانی (372-478ك): دامەزرێنەری ئەم میرنشینە کەسایەتیەک بووە بەناوی (ئەبوعەلی حەسەنی کوڕی مەروان) ئەم میرنشینەی لە دوای کوژرانی میر بادی خاڵی دامەزراندووە، ئەبوعەلی حەسەن کوڕی مەروان (380ك)ی خوشکەزای یەکێك بووە لە سەرکردە سەربازیەکانی و جێگەی گرتۆتەوە. ڕۆمە بێزەنتیەکان ئەمەیان بە هەلزانیوە، بۆیە هێرشیانکردۆتە سەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی مەروانی، بەڵام ئەبوعەلی حەسەن توانیویە ڕووبەڕوویان بێتەوە، دواجار ئاگربەستێکی دە (١٠) ساڵە لە نێوان هەردوولادا کراوە. حەمدانیەکانی موسڵیش کوژرانی میر بادیان بە هەلزانیوە، بۆیە هێرشیان کردۆتە سەر مەروانییەکان، بەڵام میر ئەبوعەلی توانی بەسەریاندا سەربکەوێت و سەرکردەکەشیان دەستگیربکات، دوای ئەو شکستە حەمدانیەکان جارێکی تر هێرشیان بردۆتە سەر مەروانییەکان و، لەم هێرشەدا عەقیلی و نەمیریەکانیش هاوپەیمانیان بوون، کەچی جارێکیتر تێکشکاون.

ئەبوعەلی پەیوەندی لەگەڵ خەلیفەتی عەباسی و بوەیهییەکان زۆر باشبووە، تەنانەت پەیوەندی لەگەڵ خەلیفەی فاتمیەکان لە میسر باش بووە، لەسەر داوای عەزیز بیلای فاطمی سەرکردەی حەمدانیەکانی ئازاد کردووە. دوای ئەوەی ئەبوعەلی لە شاری دیاربەکر کوژرا (مهمد دەولە) جێگەی گرتۆتەوە، ئەم میرەش پەیوەندی لەگەڵ عەباسیەکان و بوەیهییەکان و فاتمییەکان خۆشبووە، لەگەڵ بیزەنتیەکانیشدا ئاگربەستەکەی پێشووی نوێکردۆتەوە. میافارقینی دیواربەندکردووە و دەروازە و شوراکانی نۆژەنکردۆتەوە. میر مهمد دەولە بەدەست شیرەوی کە یەکێك بووە لە سەرکردە سەربازیەکانی میر کوژاوە. لەدوای کوژرانی مهمد دەولە (نەسردەولە ئەحمەدی کوڕی مەروان) شوێنی گرتۆتەوە، میر ئەحمەد لەسەر هەمان ڕێچکەی میرانی پێش خۆی ڕۆشتووە و، لە ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیدا چەندین مزگەوت و پرد و کۆشك و گەرماو و نەخۆشخانەی دروستکردووە، جۆگەی ئاوی بۆ شاری میافارقین ڕاکێشاوە. بۆ ڕۆژی کردنەوەی کۆشکەکەی بانگهێشتنامەی بۆ خەلیفەی عەباسی و فاطمی و بێزەنتی و بویهییەکان ناردووە، هەر یەك لە ئەوانە نوێنەری خۆیان بە دیاری گران بەهاوە ناردووە. میر ئەحمەد نزیکەی (51) ساڵ فەرمانڕەوایەتی میرنشینەکەی کردووە (402-453ك) دوای مردنی (نزامەدین نەسر)ی کوڕی جێگەی گرتۆتەوە، بەهۆی هاتنی سەلجوقیەکانەوە بۆ ناوچەکە دەسەڵاتی مەروانییەکانیش بەرەو لاوازی ڕۆیشتووە، سەرئەنجامیش لەسەردەمی دوا میریان (ناسردەولە ئەبومەنسووری کوڕی نزامەدین نەسر) سەلجوقیەکان بە یەکجاری کۆتاییان بە دەسەڵاتی مەروانییەکان هێناوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (فارقی: س،پ،لاپەڕە21بەدواوە: محمد ئەمین زکی:خوڵاصە،ل ل49-66:عەبدولڕەقیب یوسف: س.پ، ل ٢٣: زرارصدیق: س،پ،ل ل215-238.

[75]) لازاریف: س،پ،ل96.

[76]) سحرالسید عبدالعزیز: م،س،ص370: کەیوان ئازاد:س.پ،ل١٤٨.

[77]) فارقی: س،پ،ل40 : سحر السید عبدالعزیز: م،س،ص371.

[78]) زرار صدیق:س،پ،ل231 .

[79])فارقی: س،پ،ل ل55-56: عبدالڕقیب یوسف: س،پ،ل ل23-24.

## سەرچاوەکان

### أ_سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی


١-ابن الاثیر،ابی الحسن علی بن ابی الکرم محمد الشیبانی:
الکامل فی التاریخ،ط١،دار الکتب العلمیه،بیروت،١٩٨٧.
٢-ابن الجوزي،ابی الفرج عبدالرحمن بن علی محمد:
المنتظم في تاريخ الملوك و الامم،ط1،دارالكتب العلمية،بيروت،1992.
٣-ابن خلدون،عبدالرحمن:
تاریخ ابن خلدون،ت:سهیل زکار،ب.ط،دار الفکر،بیروت،٢٠٠٠.
٤-ابن کثیر،للحافظ عمادالدین ابی الفداء اسماعیل:
البداية و النهاية،ت:عبدالله بن عبدالمحسن الترکی،دار الهجر،ط1998،1.
٥-ابی فداء،عمادالدین اسماعیل:
مختصر فی هخبار البشر،ب.ط،مکتب المتنبی،القاهره،ب.س،ج٢،ص٧٣.
٦-الروزراوردی :
ابی شجاع محمد بن الحسین:زیل کتاب تجارب الامم ,دار الکتاب الاسلامی ,القاهیره,بدون تاریخ.
٧-سیوطی،جلال الدین عبدالرحمان:
تاریخ الخلفاء،ط١،دار ابن حزم،بیروت،٢٠٠٣.
٨-الصابی: ابی الحسین هیلال بن المحسن بن ابراهیم الصابی :
تاریخ الهلال الصابی،الناشر دار الکتاب الاسلامی, القاهیره, بدون تاریخ.
٩-مسکویه:ابی علی احمد بن محمد:
تجارب الامم,الناشر دار الکتاب الاسلامی, القاهیره , بدون تاریخ .


### ب_ژێدەرەکان بە زمانی عەربی


١٠-اسماعیل شکر رسول :
الاماره الشدادییه الکوردییه فی بیلاد ئاران , موسسه مکریانی , اربیل 2001.
١١-حسن ابراهیم حسن:
تاریخ الاسلامی سیاسی والدینی وثقافی،ج/3،رابع عشره،دارالجیل،القاهره،1996.
١٢-حسن منیمنه:
تاریخ الدوله البویهیه،ب.م:طبع،1987.
١٣-زکی:محمد امین:
تاریخ الدول والامارات الکردیه ,مگبعه سعاده,مصر, 1945.
١٤-سحر السید عبدالعزیز وابراهیم محمد علی:
تاریخ الاکراد, الناشرموسسه شباب الجامعه,الاسکندریه,2010.
١٥-صفیه سعاده:
تاریخ بغداد الاجتماعی فی القرنین البویهی والسلجوقی،طبعهالاول.دارالمواج،1988.
١٦-قادر محمد حسن :
الامارات لکردیه فی العهدالبویهیه,موسسه مکریانی,اربیل , 2011 .
١٧-محمد خصری بك:
محاضرات تاریخ الامم السلامیه_الدوله العباسة،ت.محمد العثمانی،ط١،دار القلم،بیروت،١٩٨٦.
١٨-محمد سهیل طقوش:
التاریخ الاسلامی المجیز،ط٥،دارالنفاس،بیروت،٢٠١١.
١٩-محمد سهیل طقوش:
تاریخ الدوله العباسه،ط٧،دارنفاس،بیروت،٢٠٠٩.
٢٠-نەقشبەندی:حسام الدین علی غالب:
ازربیجان فی العصر السلجوقی,الناشر مرکز الاکادیمی للابحاث,بیروت ,2013.


### ج-سەرچاوەکان بە زمانی کوردی


٢١-ئیبن ئەزرەقی فارقی:

مێژووی میافارقین و ئامەد،و/قادرمحمد پشدەری و ئاکۆ برهان،چ١،دەزگای وەرگێران، هەولێر،2007.

٢٢-بدلیستی:شەرەفخان:
شەرەفنامە,چ٦،پەخشانگای پانیز,طهران ,2010.


## د-ژێدەرەکان بە زمانی کوردی


٢٣-ئاراس فریق زینەڵ:
دبلۆماسیەتی کورد لەسەردەمی بۆیهیەکان دا , چاپخانەی کمال,سلێمانی ,2012 .

٢٤-ئاکۆ بورهان محمد:
میرنشینە کوردییەکانی سەردەمی عەباسی،چ٢،چوارچرا، هەولێر،٢٠٢٠.

٢٥-ئەحمد محمود خلیل:
کورد لە شارستانیەتی ئیسلام دا،و/زرارعلی،چ١،چاپخانەی پەیوەند،سلێمانی،2010.

٢٦-بێرناردلویس:
ڕۆژهەڵاتی ناوەڕست لە سەرهەڵدانی مەسیحیەتەوە تا ئەمرۆ،و/عبدوڵڵاڕەسوڵی،چ١،چوارچرا،سلێمانی ،2014.

٢٧-حسن نراقی:
چەرتەیەك لەمێژووی ئێران،و/ڕێبوارسرتیپ،چاپەمەنی سیما،سلێمانی،2010.

٢٨-حمه کریم عارف:
کورد لە ئینسایکلۆپیدیای ئیسلامی دا،دەزگای سەردەم،سلێمانی،2-10.

٢٩-رۆژ بەیانی :محمد جەمیل:
مێژووی حەسنەوەیهی عییاری,دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی ,ب.س.

٣٠-ڕەسول ابراهیم ڕەسول :
کاریگەرییەکانی لەشکرکێشی هێزەبیانیەکان بۆ سەر کوردستان،سلێمانی 2013 .

٣١-زرار صدیق تۆفیق:
کوردوکوردستان لە رۆژگاری خیلافەتی ئیسڵامیدا,خانەی ئاودێر،چ٣ ,2013 .

٣٢-صالح قەفتان:
سێ لێکۆڵینەوەی مێژووی,دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ,سلێمانی , 2009 .

٣٣-عبدالرقیب یوسف:
دوڵەتی دۆستەکی لە کوردستانی ناوەڕاست،و/ئەبوبەکر عەلی،چ١،هەولێر،١٩٩٨.

٣٤-علی محمد الصلابی:
دەوڵەتی سەلجوقی،و/نهادجلال،چاچی یەکەم،دارالفکر،بیروت،2009.

٣٥-قادر محمد محمد:
کوردستان لە نیوەی یەکەمی سەدەی(6 ك)بۆ (12ز),ئەکادیمیای کوردی , هەولێر , 2013.

٣٦-کامران عزیز عبداللە
:هۆکارەکانی سەرهەڵدان و ڕوخانی میرنیشینە کوردیەکان , ئەکادیمی کوردی , هەولێر

٣٧-کەیوان ئازاد ئەنوەر:
کوردستان و کورد لە سەدەکانی ناوەڕاستدا،چ١،تاران،٢٠١٥.

٣٨-لازاریف:
مێژووی کوردستان، و/ وشیار عبداللە سنگاوی,چ٢, هەولێر , 2009 .

٣٩-محمد امین زکی:
خولاصەیەکی تاریخی کوردوکوردستان,ئا/رفیق صالح,هەولێر , 2006.

٤٠-محمد تحسین حسێن:
سیستەمی پشتاوپشت دەوڵەتی عباسی،چاپخانەی ڕۆژهەڵات،هەولێر،2015.

٤١-محمد محمود مەندەلاوی:
مێژوو شارستانێتی کورد,و/محمد وەسمان ,دەزگای زەهرت رافیدین ,2009 .

٤٢-محمود شاکر:
پوختەی شارستانیەتەکان،و/موسامحمد،کتێبخانەی هەورامانسلێمانی،2011.

٤٣-نیشتمان بشیر محمد:
کورد و سەلجوقیەکان ,و/ادریس عبداللە ,دەزگای رۆژهەڵات,هەولێر, 2006.

٤٤-نەقشبەندی:حسام الدین علی غالب:
شارەزور و لوڕستانی باکوور لەسەدەکانی ناوەراست,و/رەنج بکر,سلێمانی ,2008.

٤٥-همزە کاکە یاسین:
حەلوان لەسەردەمی خەلافەتی عەباسی تا ڕوخانی میرنیشینی عنازی,هەولێر ,2013.

٤٦-هەروتی:مهدی عوسمان:
ڕۆڵی سەربازی کورد لەدەوڵەت ومیرنیشینە نا کوردییەکان لەسەدەی خیلافەتی عباسی, هەولێر 2008.


## ه-نامەی ماستەر


٤٧-خالد علی رسول:
سبط ابن الجوزی و کورد لە کتێبەکەی (مراە الزمان فی التاریخ الاعیان),بڵاونەکراوە,کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان, زانکۆی سلێمانی ,2010.